المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ڕێکخستنی یاسایی دابەشکردنی کورسیە گشتیەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا

# (عێراق وهەرێمی کوردستان بەنمونە)

د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە
کۆلێجی یاسا -زانکۆی جیهان – سلێمانی-عێراق
Esmael.najmadin@sulicihan.edu.krd

د.زانا جلال سعید
کۆلێجی یاسا -زانکۆی جیهان – سلێمانی – عێراق
کۆلێجی یاسا – زانکۆی سلێمانی – سلێمانی – عێراق
Zana.jalal@sulicihan.edu.krd

## پوختە

بیری مرۆڤایەتی بەردەوام لەهەوڵ و کۆششدا بوە تا بتوانیٚ باشترین جۆر و شێوازی هەڵبژاردنەکان دابڕێژیٚ و جێبەجێبکا لەمەڕ کت ومت بەرجەستەکردنی ڕای دەنگدەران لە هەر دەرنجامێك لە هەڵبژاردن دەکەویٚتەوە . بۆیە دەبینین بەشی زۆری ئەو دیراسەکردنانەی هەڵبژاردن وەك بابەتێك دەگرنە خۆ بەشێك تەرخان ئەکەن بۆ سیستێمەکانی هەڵبژاردن ئەوەش بەبنەماگرتنی پیودانگەلێکی جیاواز ، گەر ڕوخساری هەڵبژاردنەکە وەرگرین ئەوا هەڵبژاردن دەبێتە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ ، گەر ڕەچاوی جۆری خۆکاندیدکردن بکەین ئەوا هەڵبژاردن دەبێتە سیستێمی تاکەکەسی وهەڵبژاردن بەسیستێمی لیست ، وئەگەر پیودانگەکە بریتی بیٚ لەچۆنێتی ژماردنی دەنگەکان ئەوا هەڵبژاردن دەبێتە هەڵبژاردن بە شێوازی زۆرینە وهەڵبژاردن بە نوێنەرایەتی ڕێژەیی یان هەڵبژاردن بەسیستێمی تێکەڵاو. وهەمو ئەو سیستێمانەش وڵاتان لەقۆناغی جیاوازدا وبەپێی ژینگەی سیاسی وکۆمەڵایەتیان پشتیان پێبەستوە بەتایبەت ئەو سیستێمانەی کەپەیوەستن بەچۆنێتی دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان، چ سیستێمی زۆرینە بیٚ یا سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی و یا سیستێمی تێکەڵاو وهەریەك لەو سیستێمانە بەشێوەیەکی دیاریکراو وبەرێکار وهاوکێشە گەلێکی جیاوازەوە کار دەکەن بۆ پڕکردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمان بەپێی دید وتێڕوانینی دەستور و یاسادانەری ئەو وڵاتە لەهەر قۆناغێکی مێژودا . بەجۆرێك گەر یاسادانەر پشتگیری جوت حیزبی یا سنوردارکردنی ژمارەی حیزبەکان بکات ئەو کات سیستێمی زۆرێنە دەبێتە گونجاوترین بژاردە ، بەپێچەوانەوە گەر ویسترا بیری فرە حیزبی برەو پێبدریٚ وکاری بۆ بکریٚ ئەوا سیستێمی گونجاو سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەبیٚ وپارتەسیاسیەکان بەگوێرەی ئاستی دەنگدەرانیان براوەی کورسی پەرلەمانی دەبن . بەڵام گەر ویسترا زیاتر سیستێمەکە داڕێژراوێك بیٚ لەکۆکردنەوەی خاڵە باشەکانی ئەو دو سیستێمە ئەوا سیستێمی تێکەڵاو باشترین شێوازی دەبێت . ئەم جۆرە سیستێمانەی هەڵبژاردنە بونەتە هەوێنی ئەم باسەیەمان لەگەڵ باسکردنی ئەو سیستێمەی لەعێراق وهەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، دواتر گرنگی دانی زیاتر بە وەرگرتنی گونجاوترین سیستێمی هەڵبژاردن بۆ هەرێمی کوردستان وەك پێشنیازێکی توێژینەوەکە هەمو ئەوانەش لەدو توێی دو بەشدا ، بەشی یەکەم :تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو سیستێمانە بەشێوەیەکی ورد ودرشت ، وبەشی دوەم : باسی هاوکێشەکانی دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان بەسەر لیستە براوەکاندا تێدا کراوە . تا گەشتۆتە دەرەنجام و پێشنیازەکانی باسەکە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

**الملخص**

الفكر الانساني في بحث مستمر لاجل ايجاد افضل النظم والآليات الإنتخابية وتطبيقها لتجسيد رأي الناخبين في النتائج التي تنجم عن الانتخابات، لذلك نرى بأن جل الدراسات المتعلقة بالإنتخابات تتضمن بحث النظم الإنتخابية وفق معايير مختلفة ، فإذا ما اعتمد شكل الانتخاب توزع الى انتخاب مباشر وانتخاب غير مباشر، أما اذا اعتمدت طريقة الترشح عندئذ يصبح الإنتخاب انتخاب فردي وأخرى انتخاب بالقائمة ، وفي حال ما كان المعيار متعلقاً بآلية احتساب الأصوات اصبح للأنتخاب ثلاثة أشكال ، انتخاب بالأغلبية ، وانتخاب بالتمثيل النسبي وانتخاب مختلط . وجل النظم الإنتخابية تلك اعتمدتها الدول في فترات متباينة نظراً للبيئة السياسية والإجتماعية لأية دولة ،وخاصة النظم المتعلقة بكيفية احتساب الأصوات وتوزيع المقاعد البرلمانية ، سواءً أكان نظاماً بالأغلبية أو نظاماً بالتمثيل النسبي ، أو نظاماً مختلطاً . وأي من الأنظمة الإنتخابية الثلاث تعتمد وبصورة محددة إجراءآت وآليات و معادلات متباينة لأجل مليء المقاعد البرلمانية بموجب الأطر الدستورية ورؤية المشرع لأية دولة في مرحلة تأريخية معينة ، بصورة اذا ما ساند المشرع نظام الثنائية الحزبية أو تحجيم عدد الأحزاب السياسية عندئذ نظام الأغلبية تصبح انسب اختيار، أما اذا أريد اعتماد فكر التعددية الحزبية والتمثيل التعددي في البرلمان فإن نظام التمثيل النسبي هو الخيار الأصوب، وفي حال ما أراد المشرع جمع النقاط الايجابية لنظام الأغلبية ونظام التمثيل النسبي عنذئذ تكون نظام المختلط الملاذ الأنجح والأئمن . وهذه الأنظمة هي محور بحثنا هذا مع الإشارة الى النظام المطبق في العراق و في اقليم كوردستان وخاصةً نظام انتخابي كمقترح للبحث ، وكل ذلك تناولناه في سياق مبحثين ، المبحث الأول: تم تخصيصه لبحث النظم الانتخابية الثلاث بصورة مستفيضة ، والمبحث الثاني: تم دراسة المعادلات المعتمدة في توزيع المقاعد البرلمانية على الأفراد أو القوائم الفائزة مع التعرج على الآليات المطبقة في العراق واقليم كوردستان . الى ان وصلت الدراسة الى مجموعة من النتائج والمقترحات.

***Abstract***

Human thought is continuously in search of the best electoral systems, mechanisms, and their application to embody the opinion of voters in the outcome that result from the elections, We observe that majority of the studies related to elections include the examination of electoral systems according to different criteria, and if any form of election is adopted, it is then divided into direct elections and indirect elections, if the method of candidacy is adopted then the election shall either be single-member plurality voting system or proportional representation. In the case of the criterion concerning the mechanism of counting votes, the election shall have three forms: majoritarian election, proportional representation and mixed elections. Most of these electoral systems have been adopted by states at different stages taking into consideration the political and social environment of these states; in particular, the systems that is concerned with how votes are calculated and the distribution of parliamentary seats, whether by majority or proportional representation, or mixed system.

Each of the three electoral systems specifically depends on different processes, mechanisms and equations for filling the parliamentary seats. In accordance to and under the constitutional framework, the legislator's vision of the state at a certain stage in the history of the state, and whether the legislator has supported the bipartisan system (A two-party system) or downsize the number of political parties participating, then the majority system becomes the most appropriate choice. And, if consideration is

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

given to a multiparty and pluralistic representation to be adopted in parliament, the system of proportional representation is the best option. In case of the legislator desiring to collect the positive points of the majority system and the system of proportional representation, the mixed system is the most successful and secure. and these systems are the focus of our research, which will be discussed in the context of two sections, the First Section: was devoted to examining the three electoral systems extensively, and the Second Section: the equations adopted in the distribution of parliamentary seats on the individuals or winning lists with deliberations given to the mechanisms applied in Iraq and the Kurdistan Region. And the study has reached a set of results and proposals.

## **پێشەکی**

**یەکەم : دەستپێکێك سەبارەت بە توێژینەوەکە**

**دوای ئەوەی لەزۆرینەی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان هەڵبژاردن بوبە ڕیچکە و ڕێگەی باو بۆ بەدەستهێنان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات [1]چیتر دەنگدەران وەك بەرجەستەکاری سەروەرێتی گەل ڕۆڵ و کارگەرییان بەتەواوی بەدیارکەوت وبیری مرۆڤایەتی تاڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەم شێوازە گیرسایەوە . وبەجورێك هەڵبژاردنەکان وێنا کران وەك بنەمایەکی پتەو بۆ دیموکراسی ، بۆ ڕوایەتی دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوایەتی کار و هەڵسوکەوتەکانی ..تد .**

**وبەپێچەوانەوە هەر کۆمەڵگەیەك هەڵبژاردنی بەپێوەر وەرنەگرتبێ ئەوا بەکۆمەڵگایەکی نادیموکراسی و دەسەڵاتیش تێیدا بەناڕەوا وێنا دەکرێ چونکە پایەی لە خواست و ڕزامەندی کۆمەڵگە یان زۆرینەی قایم نەکردوە . ئەمەش بەڕەچاوکردنی ئەوەی زۆر جار دەسەڵاتێکی سیاسی نادیموکراسیش پەنا بۆ هەڵبژاردن دەبا بۆ جوانکاری دەسەڵاتەکەی ولەخەسڵەتەکانی ئەم جۆرە هەڵبژاردنەش ئەوەیە ئەنجامەکانی پێش خوێندنەوەی داتا ودەنگەکان زانراوە . هەربۆیە بەتەنها هەڵبژاردن وەك چەمکێکی ڕوکەش نابێتە خوڵقێنەری سیستێمێکی دیموکراسی، بەڵکو دەبێ چەندین بنەما و گەرانتی لەخۆ بگرێ وبەشێوەیەکی پاك وبێگەرد پرۆسەکانی هەڵبژاردن پەیڕەو بکرێن، ئەو پرۆسانەی کە وەك زنجیرێك پێکەوە بەستراونەتەوە نادروستی و گزیکاری لەهەر پرۆسەیەك دەبێتە هۆی تێکدان و ناشیرینکردنی پرۆسەکانی تریش بەهەمان شێوەی خانەیەکی شێرپەنجەیی کاردەکاتە سەر تەواوی خانەکانی تر .**

---

[1] - لەگەڵ ئەوەشدا چەند جۆرێکی تری وەرگرتنی دەسەڵات هەیە ناودەبرێن بەرێگەی نادیموکراسیەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات وەك جیاکەرەوەیەك لە ڕێگای هەڵبژاردن کە تاڕادەیەکی زۆر تاکە ڕێگای دیموکراسیە بۆ گرتنە ئەستۆی دەسەڵات ، وڕێگە نادیموکراسیەکان بەگشتی بریتین لەڕێگەکانی **١– میرات :** کەمەبەست لێی گواستنەوەی دەسەڵاتە بەپشتاوپشت لەنێوان ئەندامانی خێزانێك یان بنەماڵەیەك.وئەم ڕێگایە سەسەرای بەرتەسکبونەوەی تاوەکو ئێستاش لەولاتانی کەنداوی عەرەبی کاری پێدەکرێت . **٢– دەستنیشانکردنی کەسی :** ئەم ڕێگەیە بریتیە لە هەڵبژاردنی کەسی فەرمانڕەوا بۆ ئەو کەسەی دوای خۆی ئەرکی دەسەڵاتداریێتی دەکەوێتە ئەستۆ . ودەکرێتە دوجۆر دەستنیشانکردنی خۆیی ،ودەستنیشانکردنی کۆیی .یەکەمیان لەلایەن یەك کەسەوە دیاریدەکرێت ،هەرچی دوەمیانە کەسی فەرمانڕەوا یان بەشدار بو لە فەرمانڕەوایی لەلایەن ئەنجومەنێکەوە دەستنیشانئەکرێ. **٣– بەدەستهێنانی دەسەڵات بە بەکارهێنانی هێز :** واتە وەرگرتنی دەسەڵات بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی هێز لەڕێگەی کودەتا یان شۆڕشەوە .وئەم ڕێگەیەش سەرەڕای دژکاری لەگەڵ پرنیسپی ڕەوایی دەسەڵات ویەسنکردنیان بە ناڕەوا .لەگەڵ ئەوەشدا ڕایەکی فیقهی ڕوەایەتیان وەك دەسەڵات دەبەستێتەوە بە ئەنجامیانەوە لەکاتی سەرکەوتنیان ڕەوا دەبن ،ولەکاتی سەرنەکەوتنیان بکەرانی بە دەرچو لەیاسا ئەژمار دەکرێن . بۆ زیاتر تەماشای : د.منذر الشاوي ،فلسفة الدولة ،ط ١ ، دار الذاكرة للنشر والتوزيع ، دار ورد للنشر والتوزيع ، الأردن ، ٢٠١٢ ، ص ١٩٣ – ١٩٧ .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

وخودی هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەكی دینامیكی یەك جۆر و شێواز نەبوە بەدرێژایی مێژو ،بەڵكو گورانكاری جۆرایەتی بەسەر شێوازی هەڵبژاردنەكاندا هاتون ، بیری مرۆڤایەتی بەردەوام لەهەوڵ و كۆششدا بوە تا بتوانێ باشترین جۆر و شێواز دابرێژێ و جێبەجێبكا لەمەڕ كت ومت بەرجەستەكردنی ڕای دەنگدەران لە هەر دەرنجامێك لە هەڵبژاردن دەكەوێتەوە .بۆیە دەبینین بەشی زۆری ئەو دیراسەكردنانەی هەڵبژاردن وەك بابەتێك دەگرنە خۆ بەشێك تەرخان ئەكەن بۆ جۆرەكانی هەڵبژاردن ئەوەش بەبنەماگرتنی پیودانگەلێكی جیاواز ، گەر ڕوخساری هەڵبژاردنەكە وەرگرین ئەوا هەڵبژاردن دەبێتە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ [٢] گەر ڕەچاوی جۆری خۆكاندیدكردن بكەین ئەوا هەڵبژاردن دەبێتە سیستێمی تاكەكەسی وهەڵبژاردن بەسیستێمی لیست [٣] وئەگەر پیودانگەكە بریتی بێ لەچۆنێتی ژماردنی دەنگەكان ئەوا هەڵبژاردن دەبێتە هەڵبژاردن بە شێوازی زۆرینە وهەڵبژاردن بە نوێنەرایەتی ڕێژەیی.وئەم دابەشكاریە بابەتی سەرەكی ئەم توێژینەوەیەمان دەبێ . سەرەڕای ئەوانەش ئەكرێ ئاماژە بۆ چەند جۆرێكی تری هەڵبژاردن بكرێت ،لەوانە هەڵبژاردنی گشتی وهەڵبژاردنی كۆتوبەندكراو ، هەڵبژاردنی ئاشكرا وهەڵبژاردنی نهێنی..

**دوەم : گرنگی بابەتی توێژینەوەكە :**

گرنگی بابەتەكە لەچەند خاڵێكدا چڕئەكەینەوە :

1- ئاشكرایە زانینی سیستێمی ژماردنی دەنگەكان ودابەشكردنی كورسیەكانی پەرلەمان بەسەر لیستە براوەكانیدا یەكێكە لەبابەتە گرنگەكان ،چونكە دابەشكاری كورسیەكان بەچەندین شێواز ئەنجام ئەدرێت وبێگومان هەر شێواز و ڕێچكە و هاوكێشەیەك كاردەكاتە سەر ئەنجامەكانی هەڵبژاردن .
2- خودی سیستێمی پەیرەو كراو بۆ دابەشكردنی كورسیەكان یەكێكە لەخاڵە هەرە سەرەكیەكان كە قەوارە وپارتە سیاسیەكان گرنگی تەواوی پێدەدەن ،چونكە دروستە كە ژمارەی دەنگەكان یەكلاكەرەوە دەبێت بۆ وەرگێڕانی بۆ ژمارەی كورسی، بەڵام هاوكێشەی پەیرەو كراو بۆ دابەشكردنەكە زۆرجار ڕۆڵی كاریگەری دەبێ لەو بوارە بەجۆرێك دەكرێ قەوارەیەك بەقەدەر قەوارەیەكی تر كورسی بەركەوێت لەكاتێكدا دەنگیشی زیاتر هێنابێ لەویتر .
3- لەوانەشەوە هەوڵدان بۆ توێژینەوە كردن سەبارەت بە هاوكێشە و ڕێچكەی پەیرەو كراو لە عێراق وهەرێمی كوردستاندا و دەرخستنی ئەو شێواز و گۆڕانكاریانەی بەسەریاندا هاتون ودواتر هەڵسەنگاندنیان خاڵێكی تری گرنگی ئەم باسەمانە .

---

[٢] - أ. **هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ** بەهەڵبژاردنێك ئەوترێ كاتێك دەنگدەران بۆخۆیان ئەندامانی ئەنجومەنە نوێنەرایەتیەكە هەڵدەبژێرن بەبێ بونی نێوەندگیر ، بۆیە هەڵبژاردنەكە ڕاستەوخۆ دەبێ وبە یەك قۆناغ و یەك پلە ئەنجام ئەدرێت . ب. **هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ** كاتێك دەبێ كەهەڵبژاردن بە دو قۆناغ ئەنجام بدرێ ،ڕۆڵی دەنگدەران بریتی دەبێ لە هەڵبژاردنی مەندوبەكان وئەمانیش ئەركی هەڵبژاردن و دیاریكردنی نوێنەرەكانیان دەكەوێتە ئەستۆ و بەم جۆرە دەناسرێ بە هەڵبژاردن بە دو پلە . د. حمید حنون خالد ، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق ، مكتبة السنهوري ،بيروت ، ٢٠١٥ ، ل ٦٠ .

[٣] - **هەڵبژاردنی تاكەكەسی** : ئەو جۆرەی هەڵبژاردنە كە دەنگدەران لەبازنەیەكی هەڵبژاردنی دیاریكراودا یەك كەس هەڵدەبژێرن نوێنەرایەتیان بكات لەپەرلەمان . هەرچی **هەڵبژاردنە بەلیست** : ئەو سیستێمەیە كەدەنگدەران چەند كەسێك لەلیستێكدا هەڵدەبژێرن نوێنەرایەتیان بكەن لەپەرلەماندا. ولەوەشەوە شێوازی دابەشكاری بازنەكانی هەڵبژاردن جیاواز دەبێ بەگوێرەی دیاریكردنی یەكێك لەو دو سیستێمەی هەڵبژاردن . بەجۆرێك وڵات دابەشدەكرێ بۆ ژمارەیەكی زۆر بازنەی هەڵبژاردن لەكاتی جێبەجێكردنی سیستێمی هەڵبژاردنی تاكەكەسی بەبەراورد بە هەڵبژاردن بەلیست ، بەشێوەیەك لەمەی دوەمیان بازنەكانی هەڵبژاردن كەمتر دەبن وچوارچێوەی هەر بازنەیەكی هەڵبژاردن تێیدا فراوان دەبێ چونكە لەهەر بازنەیەك چەند نوێنەرێك هەڵدەبژێردرێن. د.حمید حنون خالد ، هەمان سەرچاوە ، ل ٦١ .

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سێیەم :کێشەی توێژینەوەکە :**

کێشە وئاریشەی باسەکەمان لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە هاوکێشەی دابەشکردنی کورسیەکان بەردەوام یەکێك بوە لەو خاڵانەی جێگەی گرنگیپێدانی قەوارە و لایەنە سیاسیە ڕکابەرەکان بوە بەتایبەت لەعێراقدا، و زۆر جار بۆتە گرێ کوێرەی وتوێژ و دانوستان ودانیشتنەکانی پەیوەست بەیاسای هەڵبژاردنەکان تاڕادەی جوڵاندنی شەقام بۆ ئەو مەبەستە .لەبەرانبەر ئەمەشدا کەمترین داخوازی و داواکاری هەیە بۆ گۆڕانکاریکردن لەو هاوکێشەیەی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستانی پێ دابەشدەکرێ؟ بۆیە ئاریشەی سەرەکی خستنەڕوی ڕۆڵ وکاریگەری ئەو هاوکێشە وسیستێمانە دەبێ کەبۆ دابەشکردنی کورسیەکان پشتی پێدەبەسترێت وتاچ ڕادە و ئاستێك کاریگەرییان دەبێ لە ڕێکخستنی ژیانی پارتە سیاسیەکان وکاریگەریان لەسەر گۆڕپانی سیاسی وڵاتەکەیان.

**چوارەم : چوارچێوەی توێژینەوەکە :**

چوارچێوەی باسەکە خۆی لە دابەشکردنی کورسی نوێنەرایەتیکردن دەبینێتەوە بەسەر لیست وقەوارە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردندا بەپێی ئەو ڕێچکە و هاوکێشە ماتماتیکیانەی کاریان پێدەکرێت ولەچوارچێوەی دەقە یاساییەکاندا جێکراونەتەوە وبەتایبەت سیستێمی یاسایی عێراق و هەرێمی کوردستان لەوبارەویەوە ، لەوەشەوە دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر کاندیداکانی ناو لیستەکان ودابەشکردنی کورسیە کۆتاکان ( ژنان ، کەمە نەتەوایەتیەکان) دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم باسەمانەوە .

**پێنجەم : پرۆگرامی زانستی توێژینەوەکە :**

بۆ توێژینەوەی بابەتەکە بە پرۆگرامی شیکاری بەراودکاریمان بردوە لەمەڕ باسکردن ولێکۆڵینەوە لە چەمك وشێوازی دابەشکاری کورسیەکانی پەرلەمان بەسەر لیست و قەوارە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردندا و باسکردنی ئەزمونی یاسایی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە ، لەگەڵ ئاماژەکردن بە هەڵسەنگاندنی ئەو شێواز و ڕێچکانەی پەیڕەو دەکرێن بۆ ئەو مەبەستە.

**شەشەم : پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ توێژینەوە و باسکردنی ناوەڕۆکی بابەتی باسەکە دو بەش تەرخانئەکەین ، بەشی یەکەم : ناساندنی سیستێمی ژماردنی دەنگەکان وجۆرەکانی هەڵبژاردن بەگوێرەی ئەو شێوازە باسدەکەین . وبەشی دوەم : شێوازەکانی دابەشکردنی کورسیە گشتیەکان بەسەر پارت وقەوارە سیاسیەکاندا بابەتی توێژینەوەمان دەبێ .لەکۆتایشدا دەرەنجام وڕاسپاردەکان دەخەینە ڕو.

## بەشی یەکەم

### ناساندنی سیستێمی ژماردنی دەنگەکان

ڕون و ئاشکرایە هەر سیستێمێکی هەڵبژاردن لەناوەڕۆکدا بریتیە لە ڕکابەریکردن بەئامانجی بەدەستهێنانی پۆستێك چ پەرلەمانی بێ یا جێبەجێکاریی ، وئەوەی ئەو ڕکابەریە یەکالا دەکاتەوە بریتیە لەدەنگی دەنگدەران ،واتە پێوەر ئەودەنگانەیە کەتۆماکراون لەهەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی دروست، لەمەشەوە ئەو کەسەی یا ئەو لیستەی زۆرینەی دەنگەکان دێنێ دەبێتە براوەی ئەو کورسیە یان ئەوکورسیانەی ڕکابەری لەسەر کردوە لەبەرانبەر کەس و لیستی تر ،ئەمەیە ناوئەبرێ بە سیستێمی **زۆرینەی هەڵبژاردن** .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەڵام سیستێمی زۆرینە گەرچی لەڕوی ڕوخسارەوە داد بەرجەستە دەکات بەو پێیەی براوە لەپرۆسەیەکی دیموکراسی و ڕون توانیوێتی ڕەزامەندی ومتمانەی بەشی زۆری دەنگدەران بەدەستبێنێ ، کەچی ئەم سیستێمە بۆ هەڵبژاردنی بەلیست تارادەیەکی زۆر ناتوانێ دادپەروەری بڕەخسێنێ چونکە براوەی کورسیەکانی پەرلەمان دەبێتە یەکرەنگ یا چەند هێز و لایەنێکی کەم کە هەمیشە لەو لایەنانە دەبن کە ناودەبرێن بە (حیزبە گەورەکان ) و حیزب ولایەنەکانی تر گەرچی نوێنەرایەتی پانتاییەکی دیار لە دەنگی دەنگدەرانیش بکەن ناتوانن بگەنە پەرلەمان ولەوێشەوە خواست و تێروانینی ئەوان بەرجەستە بکەن . بۆیە لەئاست ئەم خاڵە نیگەتیڤەی سیستێمی زۆرینە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك کرایەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت حیزبە بچوکەکانیش بەهەرەمەند بن لە نوێنەرایەتیکردن بە قەبارەی ئەو دەنگانەی لەهەڵبژاردنەکان بەدەستیانهێناوە ، ئەوەش لە دارشتنی **سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا** خۆی بینیەوە .هەروەك چەند وڵاتێك هەردو سیستێمی پەیرەو کردوە بۆ پڕکردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمان وبەو پێیە سیستێمەکەی ناوبرا **بەسیستێمی تێکەڵاو**. لەخوارەوە هەریەك لەو سیستێمانەی هەڵبژاردن (زۆرینە و نوێنەرایەتی ڕێژەیی وتێکەڵاو ) دەخەینە بەرباس :

## پاری یەکەم

## سیستێمی زۆرینەی هەڵبژاردن

کۆنترین و بەربڵاوترین سیستێمە ولەسەدەی سیازدەوە لەبەریتانیا پشتی پێبەستراوە ، و بەگوێرەی ئەم سیستێمە وڵات دابەشدەکرێ بۆ چەندین بازنەی هەڵبژاردن ، وسیستێمی زۆرینە مەبەست لێی بردنەوەی ئەو کاندیدە یان ئەو لیستەیە کە زۆرینەی دەنگەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بەدەستهێناوە ، وئەم شێوازە گونجاوە جێبەجێبکرێ لە سایەی هەڵبژاردنی تاکەکسی وهەڵبژاردنی لیست یشدا . گەر هەڵبژاردنەکە تاکەکسی بو ئەوا ئەو کاندیدایە براوە دەبێ کەزۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە ، وگەر هەڵبژاردنەکە بەلیست بو ئەو کات ئەو لیستەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێ براوەی هەمو کورسیە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیە دەبێ .

وسیستێمی زۆرینە بەم مانایە دادێکی پەتی لەڕوی ژمارەوە لەنێوان کێبڕکێکاران ئەکرێ دروست بکات ودەستەبەری سەقامگیری حوکم دەکات لەڕێگەی دروستکردنی حکومەتی تاك حیزب یان جوت حیزبەوە ، بەڵام براوەکەی مەرج نیە نوێنەرایەتی تەواوی دەنگدەران بکات ،چونکە ئەکرێ ئەو زۆرینەیە زۆرینەیەکی ڕێژەیی بێ و ڕێژەیەکی زۆر کەم بێت بەروارد بە ڕێژەو ژمارەی تەواوی دەنگدەرانی بازنەکە .. بۆیە دید و تێڕوانینەکان بە ئاراستەی بەرتەسکردنەوەی ئەو گاپە کران بەجۆرێك هەوڵدرا بیرۆکەی زۆرینە گۆڕانکاری بەسەر بێت لەپێناو نزیکردنەوەی زیاتری براوەکان لەبەدەستهێنانی پانتایەکی فراوان لە دەنگی دەنگدەران ، لەو پێناوەشدا سیستێمی زۆرینە دابەشکرا بۆ چەند جۆرێك :

1- **سیستێمی زۆرینەی ڕێژەیی** : ئەمە سادەترین جۆری زۆرینەیە هەربۆیە بە زۆرینەی سادەش ناوزەدە دەکرێ ، بەگوێرەی ئەم ئەمەش کەسێك یان لیستێك براوە دەبێ کە لەوانیتر دەنگی زیاتری هێنابێ بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ڕەنگە زۆرینەی دیاری دەنگەکان چوبێ بۆ کەسان یان لیستە ڕکابەرەکان . هەروەك لەم جۆرەی هەڵبژاردن براوە بەیەك گەڕی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت وگەڕی دوەم چاوەڕوان ناکرێ تێیدا ئەنجامبدرێت[٤]

٤ – نمونەی ئەم جۆرەی زۆرینە لەهەرێمی کوردستاندا بریتیە لەهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی مادەی (هەشتەم) لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کراو کەتێیدا هاتوە ( هەر یەك – لە کاندیداکان– زۆرینەی سادەی دەنگەکان بەدەستبێنێ بەبراوە دادەنرێت ).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

2- **سیستێمی زۆرینەی ڕەها** : لەپێناو زیاتر متمانە بەخشین بەکەس یان لیستی براوە و زۆتر بەهەرهەمەند بون لەڕەوایەتی سیاسی ویاسای لەلایەن هەڵبژێردراوە وە سیستێمی زۆرینەی ڕێژەیی تاڕادەیەکی زۆر جێگەی لێژکرد بۆ جۆرێکی تری زۆرینە ئەویش زۆرینەی ڕەهایە ، ناوەڕۆکی ئەم جۆرەی زۆرینە بریتیە لەوەی کەسێك یان لیستێك براوە دەبێت لەهەڵبژاردندا کاتێك زیاتر لەنیوەی دەنگە دروستەکانی هەڵبژاردن بەدەستبێنێ ،واتە بەلانی کەمەوە دەبێ ( ٥٠ +١) دەنگەکان بەدەستبێنێ [٥] .

و لەئەگەری ئەوەی هیچ یەك لە کاندیداکان نەیتوانی ئەو ڕێژەیە مسۆگەر بکات چارەسەی چۆن دەبێ؟ ئەوا پەنا دەبرێتە بەر گەڕی دوەمی هەڵبژاردن زۆجار لەنێوان ئەو دو کاندیدەی زۆرترینی دەنگیان بەدەستهێناوە وبراوەی ئەو گەرە دەبێتە براوەی هەڵبژاردنەکە، ئەمەیە ناوزەد کراوە بە **سیستێمی زۆرینە بەدو خول یان بەدو گەڕ.** لەگەڵ ئەوەشا ئەکرێ لەگەڕی دوەم بەگوێرەی ڕێکخستنی یاسایی هەڵبژاردنەکان ڕێگەبدرێ بەهەمو کاندیداکان بەشداری تێدا بکەن ، بەڵام زۆرترین جار قەتیس دەکرێ لەنێوان ئەو دو کاندیدایەی کە لەوانیتر دەنگی زۆرتریان هێناوە لەگەڕی یەکەمدا، وزۆجار لە گەڕی دوەمدا زۆرینەی ڕەها ناکرێتەوە مەرج و ئەکرێ براوە بە بەدەستهێنانی زۆرینەی سادەی دەنگەکانیش بەهەرمەند بێت بە کورسی نوێنەرایەتی کردنەکە . هەروەك ئەم سیستێمە وەك هەر سیستێمێکی تری مرۆیی خاڵی گەش و خاڵی نەنگیشی هەیە ، لەخاڵە باشەکانی سیستێمی زۆرینە سیستێمێکی سادەو ڕونە وڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی پەرلەمانی پتەو وبەهێز دروستببێ ، لەوەشەوە حکومەتێکی گونجاو وتەبا بێتە کایەوە بەجورێك سیستێمی حوکمڕانی زیاتر جێگیر و سەقامگیر بکات . هەر خودی ئەو خاڵە باشە بوبە سەرچاوەی ڕەخنەلێگرتن بۆ سیستێمی زۆرینە ، چونکە دەبێتە هۆی یەکڕەنگی پەرلەمانەکان و بێهێزکردنی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن و زوڵمکردن لەکەمینەکان تا ئەندازەی ناشرینکردنی سیستێمی نوێنەرایەتی لەوڵاتدا .

**پاری دوەم**

**سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵبژاردن**

ئەم سیستێمە هەوڵ ئەدا خاڵە نێگیتیڤەکانی زۆرینە چارەسەر بکات ،بەتایبەت لەهەڵبژاردنێکا کە لیستەکان تێیدا کێبڕکێ دەکەن نەوەك کەسەکان (واتە لە هەڵبژاردنی تاکەکەسی گونجاو نیە ئەم سیستێمە جێبەجێبکرێ چونکە بەتەنها هەڵبژاردنەکە بۆ یەك کەس ئەنجام ئەدرێ وکێبڕکێکە لەسەر یەك کورسیە بۆیە هەمیشە بەزۆرینە دەبێ). وناوەڕۆکی خودی سیستێمەکە بریتیە لە **نوێنەرایەتی کردنی لیستە ڕکابەرەکان لە پەرلەمان بەگوێرەی ئەو ڕێژە دەنگانەی بەدەستیانهێناوە** .واتە بەتەنها لیستی زۆرینە نابێتە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی بەڵکو لیستە بچوکەکانیش ئەکرێ نوێنەریان هەبێ لە پەرلەماندا .

ودەبێ ئاماژە بەوەش بکەین لێرەشدا هەندێك لەیاسادانەرە دەستوریەکان هەوڵیان داوە گرێیەك دابنێن لەپێش داەبەشکردنێکی زەقی کورسیە پەرلەمانیەکان لەنێو لیستی بچوك بچوکی ئەوتۆ کە پێکهێنانی حکومەتێکی تۆکمە وسەقامگیر ئەستەم بکات ،ئەوەش لەڕێگەی دانانی بەربەستێك بریتیە لەلانی کەمی ڕێژەی دەنگ کەدەبێ هەر لیستێك تێیبپەڕێنێ بۆ براوەی کورسی پەرلەمانی بێت

[٥] – ئەگەرچی ئەو ژمارەیە هەروا بەئاسانی نەخرایە ڕو لەنێو یاساناسانی دەستوریدا بەڵکو گفتوگۆی زۆری دەربارە کرا تێیاندا هەیە دەڵێ ڕێژەکە (٥٠+١) ە ، یەکێکی تر دەڵێ (نیوە+١) ڕایەکی تر دەڵێ (٥٠٪+١) بۆ زیاتر بڕوانە: د.حسن مصطفى بحري ، الإنتخاب كوسيلة لاسناد السلطة في النظم الديمقراطية ، چ٢ ، ٢٠١٦ ،لا.٦٧ .ود.محسن خليل، القانون الدستوري والأنظمة السياسية ،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وەك ئەوەی لەئەڵمانیا پەیڕەوی لێدەکرێ، ولەهەرێمی کوردستانیش لەیەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردن ڕێژەی بەربەستی ٧٪ دانرابو بەو جۆرە بەشێك لەپارتە بچوکەکان سەرەڕای بەدەستهێنانی دەنگ کەچی بێبەشبون لەکورسی پەرلەمانی.

وئەم سیستێمە وا ئەخوازی وڵات بکرێتە یەك بازنەی هەڵبژاردن وەك لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێ[٦] یان بکرێتە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنی گەورەوە وەك لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا جێبەجێدەکرێ[٧].

**لێرەدا بە نمونەیەك چۆنێتی دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان باسدەکەین بەپێی سیستێمی زۆرینە وسیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ زیاتر ڕونکردنەوە :**

گەر لە بازنەیەکی هەڵبژاردن ١٥ کورسی بۆ تەرخانبکرێ وکۆی ژمارەی دەنگی دروست تێیدا بەم جۆرە تۆمارکرابێ :

- لیستی أ ٥٠٠٠ دەنگی هێنابێ
- لیستی ب ٤٠٠٠ دەنگی هێنابێ
- لیستی ج ٣٠٠٠ دەنگی هێنابێ
- لیستی د ٢٠٠٠دەنگی هێنابێ
- لیستی ه ١٠٠٠ دەنگی هێنابێ

ئەوا بەگوێرەی سیستێمی زۆرینە دابەشکاریەکە زۆر ئاسان دەبێ بەتەنها لیستی أ هەمو کورسیەکان دەبا . کەچی بەگوێرەی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کورسیەکان هاوئاهەنگ لەگەڵ دابەشبونی دەنگەکان دابەشدەکرێن بەسەر لیستەکاندا، بەجۆرێك أ(٥) ، ب (٤) ، ج (٣) ، ه (٢) ، د (١) بەدەستدێنن[٨]. کەوابێ زۆرترین لیست بەگوێرەی ئەم سیستێمە نوێنەرایەتی پەرلەمانی دەکەن وپەرلەمان دەبێتە پەرلەمانێکی هەمەڕەنگ لەڕوی نوێنەرایەتیکردنی لیست وپارتە جیاوازەکان تێیداوکەمینەکانیش دەتوانن بەهەرەمەندبن لە نوێنەرایەتیکردن بەگوێرەی ئەو دەنگانەی بەدەستیدەهێنن .

**لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیستێمە باشە و نەنگی خۆی هەیە :**

**یەکەم : خاڵە باشەکانی[٩] :**

- لەهەمو سیستێمەکانی تری هەڵبژاردن گونجاو تر و نزیکترە لە دیموکراسیەوە .
- ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەناو پەرلەمان دروستدەکات وڕێگر دەبێ ئیستبدادی پەرلەمانی
- پارێزگاری دەکات لەژمارەی پارتە سیاسیەکان بەڵکو ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ زیاد بونی ژمارەیان.

---

[٦]– بەگوێرەی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی( ١٩٩٢) هەموارکراو هەرێمی کوردستانی عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن دەبێ ،ئەوەش بەگوێرەی بەشی دوەم ماددەی ٩ ی یاسای ناوبراو.

[٧]– بەگوێرەی ماددەی ١١ لە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٤٥ لەساڵی ٢٠١٣ عێراق دابەشدەبێ بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن بەگوێرەی ژمارەی پارێزگاکانی ،واتە هەر پارێزگایەك دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن ، سەرباری دیاریکردنی چەند کورسیەك بۆ نوێنەرایەتی کەمە نەتەوایەتیەکان لەچوارچێوەی بازنەی هەندێ لەپارێزگاکان بەبێ جیاکردنەوەی بازنەیەکی تایبەت بۆیان .

[٨] – ئەو دەرەنجامە بەگوێرەی ڕێگەی کوڵکەی هەڵبژاردن دابەشکراوە ، لەگەڵ ئەوەی چەند ڕێگە و هاوکێشەیەکی تر هەیە بۆ دابەشکردنی کورسیەکان بەگوێرەی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی وەك لە پەڕەکانی هاتودا باسیاندەکەین.

[٩] - بڕوانە : د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا ، النظم السياسية والقانون الدستوري ، ط(بلا)، منشأة المعارف بالأسكندرية، ٢٠١٦، ص٢٨٠-٢٨١.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

ص ١٦٥-١٨٨ **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- **هاندەری دەنگدەران دەبێ لەمەڕ پیادەکردنی مافی دەنگدان ،چونکە هەستی ئەوە لای دەنگدەر دروستئەکا کە دەنگەکەی جێگەی گرنگیە .**

**لەو خاڵانەوە دەردەکەوێ سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەتەنها خزمەت بەڕای گشتی ناکات، بەڵکو خزمەت بەو پارتە سیاسیە نوێیانەش دەکات کە تازە دادەمەزرێن وبەشدار دەبن لەهەڵبژاردنەکان، بەجۆرێك دەنگدەرانی ئەو پارتانە ڕێگەیەکی ئاسان فەراهەم دەبێت بۆیان بۆ دەنگدان و دواتر نوێنەرایەتی کردنی ئەو دەنگانە بەگوێرەی قەبارەی خۆیان لەپەرلەماندا مسۆگەر دەکات ، زیاتر لەوەش ئەم سیستێمە ڕێگە خۆشدەکا بۆ ناساندنی پارتە سیاسیە نوێیەکان وزیاتر گەشەسەندنیان نمونەی ئەو جۆرە پارتانەش پارتی شیوعیە لەئەڵمانیای ڤایمار، ئەو پارتە بەگوێرەی سیستێمی ڕێژەیی بەشێوەیەکی زیاتر و خێراتر گەشەی کرد وەك لە کۆمەڵگەی فەرەنسادا چونکە سیستێمی زۆرینەی لەفەرەنسا ڕێگری لەو جۆرە گەشەسەندنە کرد :**[١٠]

**دوەم : خاڵە نەنگیەکانی [١١]:**

- **ئەبێتەهۆی زۆربونی ژمارەی پارتە سیاسیەکان لەوڵاتدا .بەجۆرێك هەلی بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان لەلایەن پارتێکی سیاسیەوە ودروستکردنی حکومەتێکی سەقامگیر کەمدەکاتەوە .**
- **سیستێمێکی ئاڵۆزە لەڕوی ڕێکارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ، و لەڕوی جیاکردنەوەی دەنگەکان وژماردنیان و دواتر وەرگێڕانی دەنگەکان بۆ کورسی پەرلەمانی ، ولەڕوی گرانتیەکانی دروستی هەڵبژاردنەکە و ئەنجامەکانی.**
- **زۆرجار حکومەتێکی لێوە دروست دەبێ کە بە حکومەتی هاوپەیمانی دەناسرێ ، وزیاتر ئەم جۆرە حکومەتانە لە بیهێز بون و ناتوانایی وەرگرتنی بڕیاری سیاسیەوە نزیکترن وەك لەپێچەوانەکەی .. هەروەك ئەم جۆرە حکومەتانەش کەمجار ئەتوانن خولی ئاسایی خۆیان تەواو بکەن . واتە سەقامگیر بونی حکومەتیی تاڕادەیەکی زۆر ئەستەم ئەبێ لەسایەی ئەمجۆرە سیستێمە .**

**لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیستێمە بۆ خۆی ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ دەرکەوتن وگەشەسەندنی ئەو پارتانەش کە دواتر نمونەیەکی خراپی دژ بەمرۆڤایەتیشیان لەسیستێمی حوکمڕانیدا دروستکردوە ، دیارترین نمونەی ئەو پارتانەش پارتە فاشیستەکان و پارتی نیشتمانی کۆمەڵایەتیە (نازی)ە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٢ و ١٩٣٣ :**[١٢]

## پاری سێیەم

## سیستێمی تێکەڵاو

**ئەم سیستێمە هەر بەناوەکەیەوە دیارە تێکەڵاویەکە لەهەردو سیستێمی پێشو ، بەجۆرێك هەڵبژاردن لەژمارەیەك بازنە بەپێی سیستێمی زۆرینە دەبێ و لە بەشێکی تری بازنەکان بەگوێرەی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەبێ .ودیارترین نمونەی پەیڕەوکراو لەمجۆرەی هەڵبژاردنە سیستێمی پەیڕەو کراوە لەفەرەنسا کاتێك یاسادانەری فەرەنسی سیستێمی زۆرینەی جێکردوە بەبێ**

---

[١٠] - بروانة : د.عصام نعمة اسماعيل ، النظم الإنتخابية ، ط (٢) ، منشورات زين الحقوقية ، ٢٠١١، ص١٣٥.

[١١] – بروانه : د. سيد أبوالفضل قاضي " شريعت پناهى " ، حقوق أساسى ونهادهاى سياسى ، چ (١٣) ، نشر ميزان ، دانشگاه تهران ، ١٣٩٣، ص٦٣١–٦٣٢ . د.عبدالغني بسيوني عبدالله ، أنظمة الإنتخابات في مصر والعالم ، منشأة المعارف بالأسكندرية ، ١٩٩٠ ، ل٤١٦.٧. و صالح حسين علي ، الانتخابات كأسلوب ديمقراطي لتداول السلطة،دار الكتب القانونية، ٢٠١١، ل١٥٥.٧.

[١٢] - د.عصام نعمة اسماعيل ، هەمان سەرچاوە ی پێشو ، ل ١٣٥ .



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

سڕینەوەی تەواوەتی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەو جۆرەش ئەو مەبەستەی هەیبو لەڕێگریکردن لەپارتەکانی (شیوعی ، کۆڕبەندی نیشتمانی فەرەنسی) کە بتوانن براوە بن لەهەڵبژاردنی ١٧ ی حوزەیرانی ١٩٥١ پێکا. چونکە ڕێگەی خۆشکرد لیستەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن هاوپەیمانی پێکبهێنن.[١٣]

وژمارەیەك لەوڵاتانی جیهان لەئێستادا ئەم جۆرە سیستێمەی هەڵبژاردن پەیرەو دەەکەن بە جیاوازی لە وردەکاریەکاندا لەوانە کرواتیا، کینیا، گواتیمالا ، یابان ، کوریای باشور ، نێجیریا، ڕوسیا، سۆماڵ ، ئەلبانیا ، ئەرمینیا ، جورجیا .. تد.[١٤]

## بەشی دوەم

## شێوازەکانی دابەشکردنی کورسیە گشتیەکان بەسەر پارت وقەوارە سیاسیەکاندا

وەك لەپێشدا باسمانکرد لەکاتی پەیرەو کردنی سیستێمی زۆرینەدا دیاریکردن وئاشکراکردنی کەس یان لیستی براوە ئاسان دەبێ وپێویستی بە داڕشتنی سیستێمی ژماردنی ئاڵۆز ناکات جیا لە سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کە هەمیشە هاوکێشەیەکی ژماردنی دەوێت بەیاسا دیاریکرێ بۆ چۆنێتی دابەشکردنی کورسیەکانی نوێنەرایەتیکردن بەسەر لیستە ڕکابەرەکاندا. وئەم هاوکێشانەش لەلایەن کەسانی شارەزا یان تایبەتمەندەوە دادەڕێژرێن بەتایبەت لەبواری ماتماتیکدا ودیارترین ئەو هاوکێشانەش بریتین لە :

### پاری یەکەم

### کۆڵکەی هەڵبژاردن (القاسم الإنتخابي)

ئەم ڕێگەیە دیارترین وساناترین ڕێگەی دابەشکردنی کورسیە پەرلەمانیەکانە بەسەر لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن وناودەبرێ بە (هێر کۆتا Hare quota)، ناوەڕۆکی ئەم ڕێگەیە بریتیە لەوەی کۆی دەنگە دروستە تۆمارکراوەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشدەکرێت بەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی تەرخانکراون بۆ بازنەکە ، ژمارەیەك دەردەچێت ناودەبرێ بە کۆڵکەی هەڵبژاردن ، وگوزارشتە ئەم ژمارەیە لەنرخی سەرەکی هەر کورسیەکی پەرلەمانی .دواتر ئەو ژمارە دەنگانەی هەر لیستێك بەدەستی هێناوە دابەش ئەکرێت بەسەر کۆڵکەی هەڵبژاردنەکەدا لەئەنجامدا بەشە کورسی ئەو لیستە دەردەچێت ودەگونجێ لەدوای دابەشکاریەکە ژمارەیەك دەنگی زیادەی لیستەکە بمێنێتەوە واتە دەنگی ماوە ، وبەو شێوەیە ئەو هاوکێشەیە بەنیسبەت لیستەکانی تریشەوە ئەنجام ئەدرێت. گەر لەو دابەشکاریە تەواوی کورسیە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە دابەشکران ئەوا پرۆسەی دابەشکاریەکە تەواو ئەبێ ، بەڵام گەر دوای ئەو پرۆسە کورسی ماوە هەبو ، ئەوا ئەو کورسیە ماوانەش بە گوێرەی چەندین ڕێگەو هاوکێشەوە دابەشئەکرێ لە گەڕی دوەمدا وەك دواتر باسیان دەکەین :

**نمونە :** گەر لەبازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای (س) ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کەس دەنگی دروستیان دا بۆ پڕکردنەوەی ٨ کورسی پەرلەمانی ، وبۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیانەش ٤ لیست بەشداربون لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکە، وهەریەك لەو لیستانە دەنگەکانیان بەم جۆرە بو :

---

[١٣] – هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٤٣٤ بەدواوە .

[١٤] – لەپاری کۆتایی باسەکەدا زۆرتر باس لەسیستێمی تێکەڵاو دەکەین وەك بژاردەیەکی پێشنیازکراو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لیستی أ ٤١٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا

لیستی ب ٢٩٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا

لیستی ج ١٨٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا

لیستی د ١٢٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا

ئەوا بەگوێرەی کۆڵکەی هەڵبژاردن : ١٠٠٠٠٠/ ٨ = ١٢٥٠٠

بەشە کورسی هەر لیستێك :

لیستی أ : ٤١٠٠٠ /١٢٥٠٠ = ٣ کورسی و ٣٥٠٠ ماوە

لیستی ب : ٢٩٠٠٠/١٢٥٠٠ = ٢ کورسی و ٤٠٠٠ ماوە

لیستی ج : ١٨٠٠٠/١٢٥٠٠ = ١کورسی و ٥٥٠٠ ماوە

لیستی د : ١٢٠٠٠/١٢٥٠٠ = ٠ کورسی و ١٢٠٠٠ ماوە

تێبینی دەکەین لەم دابەشکاریە توانرا ٧ کورسی لەکۆی ٨ کورسی دابەشبکرێ ، واتە ١ کورسی مایەوە وهێشتا نەدراوەتە هیچ لیستێك ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەندین هاوکێشەی ماتماتیکی خرانە ڕو وەك لەخوارەوە باسیان دەکەین ، ودواتر چارەنوسی ئەو کورسیە ماوەیە بەگوێرەی هەریەك لەو هاوکێشانە هەوڵئەدەین بخەینەڕو :

1- **گەورەترین ماوە** : ئەمەیان ساناترین هاوکێشەیە بۆ دابەشکردنی کورسی ماوە بەسەر لیستە ڕکابەرەکاندا ، ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی کورسیە ماوەکان ئەدرێتە ئەو لیستەی کەزۆرترین ماوەی هەیە لەدوای دابەشکاری گەڕی یەکەم بەپێی کۆڵکەی هەڵبژاردن . کەوابێ لەنمونەی پێشودا کورسیە ماوەکە ئەدرێتە لیستی (د) چونکە ١٢٠٠٠ دەنگی ماوەی هەیە بەوەش کورسیەکە لەنیسبی ئەو لیستە دەبێ . ولەبارێکدا کە کورسی ماوە زیاتر بو لەیەك کورسی ئەوا بەگوێرەی ڕیزبەندی زۆرترین دەنگی ماوە دابەشدەکرێن.

وگرنگە ئاماژە بکەین بەوەی بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کار بەم سیستێمە دەکرێت بۆ دابەشکردنی کورسیەکان واتە سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی وکۆڵکەی هەڵبژاردن ، و کورسی ماوەش بەگوێرەی گەورەترین ماوە دابەشدەکرێت [١٥] هەروەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمیش هەمان سیستێم پەیرەو دەکرێت لەچوارچێوەی بازنەی هەرپارێزگایەکدا [١٦].ولەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیرەو

---

[١٥] – بڕوانە : مادەی ٣٨ لەیاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١ لە ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو .

[١٦] – بڕوانە : ماددەی ٩ لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کرا وبۆ ماوەیەکیش پشت بە کۆڵکەی هەڵبژاردن و زۆرترین ماوە بەسترا بۆ دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر لیستە ڕکابەرەکاندا .[١٧]

2- **بەهێزترین تێکڕا** : لەم ڕێچکەیەدا بۆ دابەشکردنی کورسی ماوە پشت بە چەند هاوکێشەیەك بەسترا کەلەلایەن ماتماتیك زانانەوە خرانە ڕو لەوانە :

أ- **هاگنباخ پیشۆڤ کۆتا** : بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر لیستێك بەدەستهێناوە دابەشدەکرێت بەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی لیستەکە لەگەڕی یەکەمی دابەشکاریەکە هێناویێتی بەکۆکردنەوە لەگەڵ ژمارەیەکی گریمانەیی ئەویش ژمارەی یەکە .بەمجۆرە :

<u>ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێك / ژمارەی کورسیە بەدەستهاتوەکانی +١ = ؟</u>

گەر بەسەر نمونەکەی پێشودا جێبەجێی بکەین ئەوا :

لیستی أ : ٤١٠٠٠/٣+١ = ١٠٢٥٠

لیستی ب : ٢٩٠٠٠/٢+١ = ٩٦٦٦

لیستی ج : ١٨٠٠٠/١+١ = ٩٠٠٠

لیستی د : ١٢٠٠٠/ ٠+١ = ١٢٠٠٠

لێرەشدا بەهێزترین تێکڕا لیستی (د) دەبێ بۆیە کورسیە ماوەکە دەدرێتە ئەو لیستە .

ب- **دروپ کۆتا** : لێرەشدا هەمان هاوکێشە پەیرەو دەکرێ تەنها ئەوە نەبێ ژمارە گریمانەیەکە کە (١) کۆدەکرێتەوە لەگەڵ ژمارەیەکی تردا کەئەویش هەر یەکە ، واتە :

<u>ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێك / (ژمارەی کورسیە بەدەستهاتوەکانی +١)+١ = ؟</u>

لیستی أ : ٤١٠٠٠/٣+١+١ = ٨٢٠٠

لیستی ب : ٢٩٠٠٠/٢+١ +١= ٧٢٥٠

لیستی ج : ١٨٠٠٠/١+١ +١= ٦٠٠٠

لیستی د : ١٢٠٠٠/ ٠+١ +١= ٦٠٠٠

لێرەدا دەبینین بەهێزترین تێکڕا لیستی (أ) دەبێ بۆیە کورسیە ماوەکە دەدرێتە ئەو لیستە .کەواتە هاوکێشەکە ئەنجامەکەی گۆڕی لەبەرژەوەندی لیستە گەورەکە کە (أ) ە وبەجۆرە دەبێتە خاوەنی ٤ کورسی .

ج- **ئیمپریال کۆتا و ئیمپریالی کۆتایی هەموارکراو** : شێوازی هاوکێشەی ئیمپریالی هەمان شێوازی هاوکێشەی دروپ کۆتا یە ، بەڵام ئیمپریالی هەمواکراو ئەوا جیاوازیەکی هەیە ئەویش زیادکردنی ژمارە گریمانەکەیە بۆ ژمارە (٣) بەمجۆرە :

---

[١٧] – لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە فەرمانی ژمارە ٩٦ لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانیەوە دەرکرا کەیاسای هەڵبژاردنی لەخۆگرتبو، بەجۆرێك عێراقی بەیەك بازنەی هەڵبژاردن دانا و دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەگوێرەی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی جێگیر کرد . وشێوازی کۆڵکەی هەڵبژاردن پەیرەو کرا ، وبەپێی ئەو سیستێمە کۆی دەنگە دروستەکان دابەشئەکران بەسەر ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەندا کە ٢٧٥ کورسی بو ، دواتر هەر لیستێك چەندجار بەقەد کۆڵکەی هەڵبژاردن دەنگی هێنابێ ئەوەندە کورسی پەرلەمانی بەدەستدەهێنێ. ولەکاتی مانەوەی کورسی دابەشنەکراو دوای هاوکێشەی سەرەوە ئەوا کورسیە ماوەکان دەدرێتە ئەو لیستانەی زۆرترین ماوەیان هەیە بەگوێرەی ڕیزبەندی دەنگەکانیان وئەم جۆرە دابەشکاریە لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە بەردەوام بو تاوەکو ساڵی ٢٠١٠. بۆ زیاتر بڕوانە : د.حمید حنون خالد ، سەرچاوەی پێشو ، لا ٣١٤-٣١٨.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێك / (ژمارەی کورسیە بەدەستهاتوەکانی) +٣ = ؟

لیستی أ : ٤١٠٠٠/٣+٣ = ٦٨٣٣

لیستی ب: ٢٩٠٠٠/٢+ ٣ = ٥٨٠٠

لیستی ج : ١٨٠٠٠/١+٣ = ٤٥٠٠

لیستی د : ١٢٠٠٠/ ٠+٣= ٤٠٠٠

لێرەشدا دەبینین بەهێزترین تێکڕا لیستی (أ) دەبێ بۆیە کورسیە ماوەکە دەدرێتە ئەو لیستە .

## پاری دوەم

## دابەشکردن بەیەك گەڕ (ڕێسای کۆڵکەکان )

ئەمجۆرە دابەشکاریە پشت بە هاوکێشەگەلێکی ماتماتیکی ئاڵۆز دەبەستێ بەبەراورد لەگەڵ شێوازی پێشودا ، وئەوەی خاڵی ئەرێییە ئەوەیە بەیەکجار ویەك گەڕ کورسیەکان دابەشدەکرێن بەبێ ئەوەی هیچ کورسیەك بمێنێتەوە بەبێ دابەشکردن.و دیارترین ئەو هاوکێشانەی پەیرەو دەکرێن بریتین لە هاوکێشەی (هۆندت) وهاوکێشەی (سانت لیگۆ) :

**یەکەم : هاوکێشەی هۆندت**[١٨]: وخودی ئەم هاوکێشەیە بەدو ڕێگە پەیرەو دەکرێ :

***ڕێگەی یەکەم*** کەبە ڕێگەی هینتیگتۆن دەناسرێ بەپێی ئەم ڕێگەیە کورسیەکان دابەشدەکرێن بەسەر لیستەکاندا بەیەك گەڕ وناوەڕۆکەکەی بریتیە لە دابەشکردنی ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر لیستێك هێناویێتی بەسەر ژمارەکانی (١ ، ٢، ٣ ، ٤ ، ...) وبەردەوام دەبێت تا ئەگاتە ژمارەی کورسیە تەرخانکراوەکان بۆ بازنەی هەڵبژاردنەکە ، دواتر کورسیەکان بەڕیزبەندی دابەشدەکرێن بەسەر زۆرترین ئەو دەرەنجامانەی لەدابەشکاریەکاندا بەدەستهاتون ،بەجۆرێك یەکەم کورسی دەدرێتە زۆرترین دەرەنجام ودوەم دەدرێتە دوەم زۆرترین دەرەنجام تادەگاتە دواهەمین کورسی تەرخانکراو بۆ بازنەکە .. واتە گەر بەسەر نمونەکەماندا جێبەجێی بکەین ئەوا :

| ناوی لیست | ژ.دەنگەکانی | /١ | /٢ | /٣ | /٤ | /٥ | /٦ | /٧ | /٨ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ٤١٠٠٠ | ٤١٠٠٠ | ٢٠٥٠٠ | ١٣٦٦٦ | ١٠٢٥٠ | ٨٢٠٠ | ٦٨٨٣ | ٥٨٥٧ | ٥١٢٥ | ٤ |
| ب | ٢٩٠٠٠ | ٢٩٠٠٠ | ١٤٥٠٠ | ٩٦٦٦ | ٧٢٥٠ | ٥٨٠٠ | ٤٨٣٣ | ٤١٤٢ | ٣٦٢٥ | ٢ |
| ج | ١٨٠٠٠ | ١٨٠٠٠ | ٩٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ٤٥٠٠ | ٣٦٠٠ | ٣٠٠٠ | ٢٥٧١ | ٢٢٥٠ | ١ |
| د | ١٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٢٤٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٧١٤ | ١٥٠٠ | ١ |

بەگوێرەی هاوکێشەی هۆندت بۆمان دەرکەت زۆرترین دەرەنجامەکان بەجۆرێك بون لیستی أ زۆرترین کورسی ویەکەمین کورسی بەدەستهێنا بە دەرەنجامی (٤١٠٠٠) دەنگ ، وهەشتەمین ودواهەمین کورسی بەر لیستی (أ) کەوتەوە بەڵام بە

[١٨] – ئەم هاوکێشەیە لەڕێگەی مامۆستای یاسا وشارەزای بواری ماتماتیکی بەلجیکی هۆندت وەوە دانراوە لەساڵی ١٨٨٥ ، وبۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٩٩ لەوڵاتی بەلجیکا کارپێکرا، وئێستاش لەهەریەکە لەوڵاتانی فینلاند وئەڵمانیا وئیسپانیا وپورتوگال کاری پێدەکرێت . بڕوانە : د.عصام نعمة اسماعیل ، سەرچاوەی پێشو ، ل.٣٩٤.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

ص١٦٥-١٨٨ المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەرەنجامێکی جیاواز کە (١٠٢٥٠) دەنگە. لەمەشەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە جیاواز لە سیستێمی کوڵکەی هەڵبژاردن نرخی هەر کورسیەك بەپێی ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێ ،ئەوەتا نرخی کورسی یەکەم ٤١٠٠٠ دەنگە، کەچی نرخی کورسی هەشتەم وکۆتایی ١٠٢٥٠ دەنگە .

هەرچی (**ڕێگەی دوەم**) ە :کەبەڕێگەی کوڵکەی نزیك ناودەبرێ بریتیە لەوەی: کۆتا نرخی کورسیەك لەهاوکێشەکەی سەرەوە دەبێتە کوڵکەیەکی هاوبەش ودەنگی لیستەکانی بەسەردا دابەشدەکرێ ولەئەنجامدا ژمارەی ئەو کورسیانەی هەر لیستێك بەدەستی دێنێ دەردەکەوێت [19]بۆیە گەر بڕوانینە خشتەکەی پێشو دەبینین دواهەمین کورسی دەدرێتە (١٠٢٥٠) دەنگ وئەمەش دەبێتە کوڵکەی هاوبەش وبەشە کورسی لیستەکانیش بەم شێوەیە دەبێ :

لیستی أ : ١٠٢٥٠/٤١٠٠٠ = ٤
لیستی ب : ١٠٢٥٠/٢٩٠٠٠ = ٢
لیستی ج : ١٠٢٥٠/١٨٠٠٠ = ١
لیستی د : ١٠٢٥٠ /١٢٠٠٠ = ١

بەگوێرەی هاوکێشەی هۆندت تێبینی دەکرێت لیستە گەورەکان زیاتر قازانج وسود دەبەن وەك لەلیستە بچوکەکان:[20]

**دوەم : <u>هاوکێشەی سانت لیگۆ</u>** : ئەم هاوکێشەیە هەمان شێوازی هاوکێشەی هۆندتە بەڵام بەجیاوازی ئەوەی ژمارەی دەنگی لیستەکان دابەشدەکرێت بەسەر ژمارە تاکەکاندا ( ١ ، ٣ ، ٥ ، ٧ ، ٩ ....تد ) بەگوێرەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردنەکە دیاریکراوە . دواتر کورسیەکان بەسەر زۆرترین دەرەنجامەکاندا دابەشدەکرێ ،بەمجۆرە جێبەجێ دەبێ بەسەر نمونەکەماندا :

| ناوی لیست | ژ.دەنگەکانی | ١/ | ٣/ | ٥/ | ٧/ | ٩/ | ١١/ | ١٣/ | ١٥/ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ٤١٠٠٠ | <u>٤١٠٠٠</u> | <u>١٣٦٦٦</u> | <u>٨٢٠٠</u> | ٥٨٥٧ | ٤٥٥٥ | ٣٧٢٧ | ٣١٥٣ | ٢٧٣٣ | ٣ |
| ب | ٢٩٠٠٠ | <u>٢٩٠٠٠</u> | <u>٩٦٦٦</u> | ٥٨٠٠ | ٤١٤٢ | ٣٢٢٢ | ٢٦٣٦ | ٢٢٣٠ | ١٩٣٣ | ٢ |
| ج | ١٨٠٠٠ | <u>١٨٠٠٠</u> | <u>٦٠٠٠</u> | ٣٦٠٠ | ٢٥٧١ | ٢٠٠٠ | ١٦٣٦ | ١٣٨٤ | ١٢٠٠ | ٢ |
| د | ١٢٠٠٠ | <u>١٢٠٠٠</u> | ٤٠٠٠ | ٢٤٠٠ | ١٧١٤ | ١٣٣٣ | ١٠٩٠ | ٩٢٣ | ٨٠٠ | ١ |

بەگوێرەی خشتەکە دەردەکەوێ لیستە بچوکەکان هەلی باشتریان ئەبێ بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی زیاتر ، وئەنجامەکان بەجورێکن کە لیستی (أ) سێ کورسی ، ولیستی (ب) دو کورسی ، ولیستی (ج) دو کورسی ، ولیستی (د) یەك کورسی دەبەن . هەروەك بەهەمان شێوەی هاوکێشەی هۆندت لێرەشدا نرخی کورسیەکان جیاواز دەبێ لەکاتێکدا کورسی یەکەم بە (٤١٠٠٠) دەنگ پڕدەکرێتەوە ،کورسی هەشتەم بە (٦٠٠٠) دەنگ پڕدەکرێتەوە .ئەوەش یەکێکە لەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم شێوازەی دابەشکردنی کورسیەکان دەکرێت.

[19] – بڕوانە : د.ربيع أنور فتح الباب متولى ، الأنظمة السياسية ، چ١، منشورات الحلبي الحقوقيە ، لبنان ، ٢٠١٣، ل.٣٤٠.
[20] – بڕوانە :د.عصام نعمە اسماعيل ، هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل.٣٩٤.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


وجێی خۆیەتی بزانین ئەم سیستێمە لەعێراقدا پەیڕەو کرا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان وبەو هۆیە بەشێکی زۆری پارتە بچوکەکان ولیستە تاکیەکانیش توانیان سەربکەون و کورسی خۆجێی مسوگەر بکەن [21]بەڵام دوای کێشمەکێشی زۆری نێوان لایەنەکان ئەو سیستێمە گۆڕدرا بە سانت لیگۆی هەموارکراو .

**<u>سێیەم : هاوکێشەی سانت لیگۆی هەموارکراو</u>** : دوای ئەوەی تێبینی کرا لەلایەن پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن کە سیستێمی سانت لیگۆ تاڕادەیەکی خزمەتی لیستە بچوکەکان ئەکات و وادەکات هەلی بەدەستخستنی کورسی پەرلەمانیان زیاتر بێ ، وبۆ خۆی سیستێمی سانت لیگۆ بۆ ئەوە داڕێژراوە کە هاوسەنگی هەبێ لەنێوان ژمارەی دەنگە بەدەستهاتوەکان لەگەڵ ژمارەی کورسیەکان ،کەچی بینرا لیستێك بەدەنگێکی کەم ئەتوانێ کورسی بەدەستبێنێ وهاوشانی لیستێکی تر کەڕەنگە دو هێندەی ئەو دەنگی هێنابێ هەمان بەشە کورسیان بەرکەوێ .

و بۆ چارەسەرکردنی ئەم نا هاوتاییە بیر لە گۆڕانکاری کرایەوە لە هاوکێشەکە بەجۆرێك ئەو هاوسەنگیە بەرجەستە بکات تاڕادەیەکی باشتر بەجۆرێك ئەو ژمارانەی کەدەنگی لیستەکانی بەسەردا دابەشدەکرێت لەبری ئەوەی بە (١) دەستپێبکات بە (١,٤) دەستپێدەکرێت ودواتر ژمارە تاکەکان بەهەمان شێوە پێشو دەمێننەوە بەمجۆرە :(١,٤ ، ٣ ، ٥ ، ٧ ، ٩ ...تد) بەو جۆرەش سیستێمی سانت لیگۆ گۆڕا وهاوکێشەکەی هەموارکرا .ئەم شێوازەش ئێستا لە وڵاتەکانی نویزلندا و نەرویج و سوێد و بۆسنە جێبەجێدەکرێت .

وئەگەر هەمان نمونە بەگوێرەی ئەم ڕێگەیە جێبەجێبکەین ئەنجامەکان بە مجۆرە دەبن کە لە خشتەی هاتو دەیخەینە ڕوو :

| ناوی لیست | ژ.دەنگەکانی | ١,٤/ | ٣/ | ٥/ | ٧/ | ٩/ | ١١/ | ١٣/ | ١٥/ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ٤١٠٠٠ | <u>٢٩٢٨٥</u> | <u>١٣٦٦٦</u> | <u>٨٢٠٠</u> | ٥٨٥٧ | ٤٥٥٥ | ٣٧٢٧ | ٣١٥٣ | ٢٧٣٣ | ٣ |
| ب | ٢٩٠٠٠ | <u>٢٠٧١٤</u> | <u>٩٦٦٦</u> | ٥٨٠٠ | ٤١٤٢ | ٣٢٢٢ | ٢٦٣٦ | ٢٢٣٠ | ١٩٣٣ | ٢ |
| ج | ١٨٠٠٠ | <u>١٢٨٥٧</u> | <u>٦٠٠٠</u> | ٣٦٠٠ | ٢٥٧١ | ٢٠٠٠ | ١٦٣٦ | ١٣٨٤ | ١٢٠٠ | ٢ |
| د | ١٢٠٠٠ | <u>٨٥٧١</u> | ٤٠٠٠ | ٢٤٠٠ | ١٧١٤ | ١٣٣٣ | ١٠٩٠ | ٩٢٣ | ٨٠٠ | ١ |

وەك تێبینی دەکەین لەم نمونەیەدا لەبەرئەوەی دەنگەکان زۆر نزیکن لەیەکەوە بۆیە گۆڕانکاری لە بەشە کورسی لیستەکان ڕوینەدا ، بەڵام ئەوەی گۆڕا نرخی کورسیەکان بو ئەوەتا نرخی کورسی یەکەم لەهاوکێشەی پێشو ٤١٠٠٠ دەنگ بو کەچی لێرەدا بوبە ٢٩٢٨٥ واتە تاڕادەیەکی باش نرخی کورسیەکان لێکتر نزیکبونەوە . هەروەك ڕیزبەندی پێدانی کورسیەکانیش گۆڕانی بەسەردا هات بەجۆرێك لەهاوکێشەی پێشو لیستی أ کورسیەکانی ( ١ ، ٢ ، ٤ ، ٧) ی بەرکەوت بەڵام لە خشتەی سانت لیگۆی هەموارکراودا کورسیەکانی ( ١،٢، ٣ ، ٧ ) بەردەکەوێت وبەهەمان شێوەش بۆ لیستەکانی تر .

[21] – د.عمار طارق عبدالعزيز ، آليات توزيع المقاعد في الانتخابات ، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری زانستی (نهرين) ، وبەردەستە لەپێگەی ئەلیکترۆنی www.jasj.net، لا.١٢٩ . مێژوی سەردانیکردن ٢٠١٧/١٢/٢٧ .



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**چوارەم : هاوكێشەی سانت ليگۆی هەمواكراو (كۆپی عێراقی)** : دوای ئەو گۆڕانكاريەی ئەنجامدرا لەسيستێمی ژماردنی دەنگەكان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی عێراق بەجۆرێك لە كوَلكەی هەڵبژاردنەوە سيستێمەكە گۆڕدرا بۆ سانت ليگۆ بە كۆپيە ڕەسەنەكەی واتە (١ ، ٣، ٥ ، ٧ ...تد) ، ودوای جێبەجێكردنی ئەو سيستێمە بەكردەيی لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٣ ودەركەوتنی ئەنجامەكانی كە جێگەی ڕەزامەندی ليست وقەوارە گەورەكان نەبون ،چونكە ژمارەيەكی زۆر پارت وقەوارەی بچوك و قەوارەی كەسيش توانيان براوەی كورسی نوێنەرايەتی خۆجێی بن لەوەش زياتر لەهەندێ پارێزگا زۆرينەی ڕێژەيی كورسيەكانيان بردەوە.[٢٢]

ئەو دەرنجامانە وايكرد قەوارە گەورەكان بير لەڕێگە چارەيە بكەنەوە، ولەنێوان گەڕانەوە بۆ سيستێمە كۆنەكە يان داڕشتنی سيستێمێكی تر كە لەبەرژەوەندی حيزبە گەورەكان بێ خۆيان ساغبكەنەوە . ولەبەر ئەوەی ڕای گشتی شەقام و ڕای مەرجەعيەتی ئاينی ڕێگر بون لەگەڕانەوە بۆ سيستێمە كۆنەكە، بۆيە بەناچاری ڕێگەی دوەميان هەڵبژارد ولەياسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاوكێشەی سانت ليگۆيان گۆڕی بۆ سانت ليگۆی هەمواركراو جيا لەوەی پێشو كەباسمان لێوەكرد بەڵكو كۆپيەيەكی تايبەتيان لێ دروستكرد كە جگە لە عێراق لە هيچ وڵاتێكی تر كاری پێناكرێت ئەويش بريتيە بە گۆڕينی ژمارەی تاكی دەستپێكی هاوكێشەكە لە (١) يا (١,٤) ەوە بۆ (١,٦) وهەر ئەوەش پشتڕاستكرايەوە و لەياساكە جێگيركرا.[٢٣]

هەروەك پێش هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاكانيش ئامآژەكان لەچوارچێوەی پەرلەمانی عێراقيدا ئەوە ساغدەكەنەوە كەهاوكێشەی سانت ليگۆ هەموار كراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانيش ولەبری دەستپێكردن بە ژمارە (١) بە ژمارە (١,٧) هاوكێشەكە دەستپێدەكرێت.[٢٤]

وگەر هەمان نمونەی پێشو بەگوێرەی سيستێمی سانت ليگۆی هەمواكراوی عێراقی شيبكەينەوە دەرەنجامەكان بەمجۆرە دەبن :

| ناوی ليست | ژ.دەنگەكانی | /١,٦ | /٣ | /٥ | /٧ | /٩ | /١١ | /١٣ | /١٥ | ژمارەی كورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ٤١٠٠٠ | ٢٥٦٢٥ | ١٣٦٦٦ | ٨٢٠٠ | ٥٨٥٧ | ٤٥٥٥ | ٣٧٢٧ | ٣١٥٣ | ٢٧٣٣ | ٣ |
| ب | ٢٩٠٠٠ | ١٨١٢٥ | ٩٦٦٦ | ٥٨٠٠ | ٤١٤٢ | ٣٢٢٢ | ٢٦٣٦ | ٢٢٣٠ | ١٩٣٣ | ٢ |
| ج | ١٨٠٠٠ | ١١٢٥٠ | ٦٠٠٠ | ٣٦٠٠ | ٢٥٧١ | ٢٠٠٠ | ١٦٣٦ | ١٣٨٤ | ١٢٠٠ | ٢ |
| د | ١٢٠٠٠ | ٧٥٠٠ | ٤٠٠٠ | ٢٤٠٠ | ١٧١٤ | ١٣٣٣ | ١٠٩٠ | ٩٢٣ | ٨٠٠ | ١ |

بەهەمان شێوە لەبەر نزيكی دەنگەكان لەيەكترەوە بەشە كورسی قەوارەكان گۆڕانكاری بەسەردا نەهات ،بەڵام نرخی كورسيەكان زياتر لێكتر نزيك بونەوە وريزبەندی دابەشكردنی كورسيەكان گۆڕانكاريان بەسەردا هات .

[٢٢] – بڕوانە :د.وليد گاصد الزيدی ، البديل عن صيغه سانت ليغو، ڕۆژنامەی (الزمان) ژ.٢٢٨ لەمێژوی ١ / جولای/٢٠١٣ . بڵاوكراوە لەسەر پێگەی ئينتەرنێتی WWW.AZZAMAN.COM مێژوی سەردانيكردن ٢٠١٧/١٢/٢٧.

[٢٣] - بڕوانە مادەی ١٤ لەياسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (45) لە 2013 .

[٢٤] – بڕوانە ماددەی ١٢ لەياسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێگاكان وقەزاكانی پەسەندكراو لەلايەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص ١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**وجێگەی باسە ئەو هاوکێشەیە هەموارکرایەوە، بەجۆرێك سەرەتاکەی لەبری ئەوەی بە (١,٦) دەستپێبکات بە (١,٧) دەستپێدەکات، ئەوەش وەك داخوازیەکی قەوارە وهاوپەیمانێتیە گەورەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وپشتپێبەستو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنەکە.[٢٥]**

**لەوەشەوە گەر نمونەکەی سەرەوە بەگوێرەی هەموارە نوێیەکە شیتەڵ بکەین ، بەم جۆرە :**

| ناوی لیست | ژ.دەنگەکانی | /١,٧ | /٣ | /٥ | /٧ | /٩ | /١١ | /١٣ | /١٥ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ٤١٠٠٠ | ٢٤١١٧ | ١٣٦٦٦ | ٨٢٠٠ | ٥٨٥٧ | ٤٥٥٥ | ٣٧٢٧ | ٣١٥٣ | ٢٧٣٣ | ٣ |
| ب | ٢٩٠٠٠ | ١٧٠٥٨ | ٩٦٦٦ | ٥٨٠٠ | ٤١٤٢ | ٣٢٢٢ | ٢٦٣٦ | ٢٢٣٠ | ١٩٣٣ | ٢ |
| ج | ١٨٠٠٠ | ١٠٥٨٨ | ٦٠٠٠ | ٣٦٠٠ | ٢٥٧١ | ٢٠٠٠ | ١٦٣٦ | ١٣٨٤ | ١٢٠٠ | ٢ |
| د | ١٢٠٠٠ | ٧٠٥٨ | ٤٠٠٠ | ٢٤٠٠ | ١٧١٤ | ١٣٣٣ | ١٠٩٠ | ٩٢٣ | ٨٠٠ | ١ |

**دەبینین لەبەر نزیکی ژمارەکان لەیەکترەو ئەنجامی دابەشکاریەکە گۆڕانی بەسەردا نەهات، بەڵام ئەکرێ بەئاسانی تێبینی ئەوە بکەین لەیەکەم گەڕی دابەشکردنی ژمارەکاندا لیستە بچوکەکان دەنگەکانیان کەمتر دەبێتەوە ، ئەوەش هەلی لیستە گەورەکان تاڕادەیەکی زۆر بەرز دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتر.**

**وسیستێمی سانت لیگۆ خاڵی گەش و خاڵی ڕەخنەلێگیراویشی هەیە ، خاڵە باشەکانی سیستێمی سانت لیگۆ ئەوەیە، ئەم سیستێمە بەشێوەیەکی فراوان گوزارشت لەخواست و ویستی دەنگدەران دەکات و وادەکات قەوارە گەورەکان بەتەواوی کورسیە پەرلەمانی و خۆجێییەکان قۆرخ نەکەن . ودیارترین ڕەخنەش کە ئاراستەی کرا ئەوەیە ئەم سیستێمە کورسی ئەنجومەنەکان فرە ڕەنگ و فرە قەوارە و حیزب دەکات ، بەجۆرێك دەبێتە ئەستەمبونی پێکهاتنی کابینەی حکومی لەکاتی یاسایی خۆیدا وگەر دروستیش بو ئەوا زۆربەی جار حکومەتێکی هاوپەیمانی دەبێ ، ئەمجۆرە حکومەتانەش بەردەوام پێگەیان لەرزۆکە وبەئاسانی هەڵدەوەشێنەوە . لەوەش زیاتر ڕودەدات ئەو قەوارەیەی زۆرترین دەنگیشی هێناوە لەئەگەری هاوپەیمانیکردنی قەوارە بچوکەکاندا لە پێکهێنانی حکومەت بێبەش بکرێت، هەروەها دەبێتە فەوتانی دەنگێکی زۆر ئەو دەنگانەی کە تەحویل نەبون بۆ کورسی و جیاوازیەکی زۆریش لەنرخی کورسیەکاندا دەبێ ئەوەش لەگەڵ ئامانجەکانی یاسای هەڵبژاردندا نایەتەوە .[٢٦]**

## پاری سێیەم

## بەرەو سیستێمی تێکەڵاو لەهەرێمی کوردستاندا

**بەدرێژایی ئەو چوار خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سیستێمی هەڵبژاردن لەڕوی ژماردنی دەنگەکان ودابەشکردنی کورسیەکانەوە بریتی بوە لەسیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، بەوەش ژمارەیەك پارت ولایەنی سیاسی بەشدار بو توانیویانە کورسی**

---

[٢٥] – بڕوانە : ماددەی ٤ لەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە ٤٥ بۆ ساڵی ٢٠١٣.

[٢٦] – بڕوانە : د.علي هادي حميدي الشكراوي ، إصلاح الطريقة الحسابية في نظم انتخاب مجلس النواب العراقي، توێژینەوەیەکی بلاوکراوەیە لەگۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان–سلێمانی ، بەرگی ١ ، ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٧ ، لا.١٧٢–١٧٣.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية ص١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پەرلەمانی بەدەستبخەن، تەنها لەخولی یەكەمی هەڵبژاردنەكان نەبێ لەبەر بونی بەربەستی (٧٪) حیزبە بچوكەكان نەیانتوانی كورسی پەرلەمانی بەدەستبێنن وتەنها (٣) پارتی سیاسی براوەی كورسیەكانی پەرلەمان بون [٢٧] ودوای لابردنی ئەو بەربەستە دەبینین لەخولەكانی تری هەڵبژاردن وردە وردە پارتە سیاسیە بەشداربوەكانی هەڵبژاردن چانسی بردنەوەی كورسی پەرلەمانیان زیاتر بو وتوانیان بگەنە پێگەی نوێنەرایەتیكردن بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە، ئەوەش بەجێبەجێكردنی هاوكێشەی كوڵكەی هەڵبژاردن (القاسم الإنتخابی) تادوا خولی هەڵبژاردن كە لە٢٠١٣/٩/٢١ بەرێوەچو وژمارەی لیستە براوەكان گەشتنە ٩ لیست.[٢٨]

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بەتەنها پشتبەستن بەسیستێمی نوێنەرایەتی هەڵبژاردن لەهەرێمی كوردستاندا هاوكار نەبوە بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی بەهێز وسەقامگیر[٢٩] وبەردەوام پرۆسەی پێكهێنانی كابینەی وەزاری كاتێكی دوردرێژی ویستوە ویەكگرتویی ویەكگوتاری كارێكی قورس بوە تێیدا ، ئەوەش بۆ خۆی یەكێكە لەلایەنە رەخنەلێگیراوەكانی سیستێمی رێژەیی.[٣٠] بۆیە بیركردنەوە لەئەنجامدانی گۆرانكاری لەسیستێمی رێژەیی هەڵبژاردن كارێكی گرنگ دەبێ بەمەبەستی زاڵبون بەسەر ئەو خاڵە نەنگیانەی كەهەیەتی وەك لەپێشدا باسكران، لەگەڵ ئەوەشدا پشتبەستن بەتەنها بەشێوازی زۆرینەی هەڵبژاردنیش بەرای ئێمە كارێكی خوازراو نیە چونكە ئەو كات خاڵە نەنگیەكانی زۆرینەی هەڵبژاردن دەردەكەون . بۆیە ئەو سیستێمەی بەگرنگی ئەزانین كەپەیرەو بكرێ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا (سیستێمی تێكەڵاو)ە.[٣١]

ئەم سیستێمە وەك لەپێشدا باسكرا تێكەڵەیەكە لەسیستێمی رێژەیی وسیستێمی زۆرینە ، و بەپێی پەیرەویكردن لەم سیستێمە لەلایەن وڵاتانەوە دەكرێ دابەشبكرێت بۆ دو جۆری سەرەكی:

1- **سیستێمی تێكەڵاوی سادەە** : بریتیە لەتێكەڵاویەك لەنێوان هەردو سیستێمی رێژەیی و زۆرینەدا یان راستتر كۆكردنەوەی هەردو سیستێمەكەیە ، وبەدو شێواز پەیرەو دەكرێت بەپێی شێوازی یەكەم كەناودەبرێت بەنوێنەرایەتی رێژەیی ناتەواو بەشێك لەپاڵێوراوان لەبازنەكانی هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێردرێن وبۆ ئەوەش وڵات دابەشدەكرێت بۆ چەند بازنەیەكی بچوكی هەڵبژاردن وژمارەی كورسیە تەرخانكراوەكانی هەر بازنەیەكیش كەمدەكرێتەوە بۆ سێ یان چوار كورسی، وپرۆسەی هەڵبژاردنەكە بەگوێرەی سیستێمی رێژەیی دەبێ، ئەم سیستێمەش رێگە خۆشدەكا بۆ پارتە گەورەكان زۆرینەی دەنگەكان بەدەستبێنن.[٣٢]

---

[٢٧] – وەرگیراوە لەپێگەی فەرمی پەرلەمانی كوردستان www.kurdistan-parlament.org سەردانیكردن ٢٠١٨/١/٢٥.

[٢٨] -. وەرگیراوە لەپێگەی فەرمی پەرلەمانی كوردستان www.kurdistan-parlament.org سەردانیكردن ٢٠١٨/١/٢٥.

[٢٩]- دەڵێین هاوكار نەبوە چونكە بەتەنها سیستێمی نوێنەرایەتی رێژەیی بەرپرسیار نیە لەو بارە بەڵكو لەگەڵ ئەویشدا سیستێمی لیستی هەڵبژاردنەكەش بەرپرسیارە ، دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن بەهەمان شێوە بەرپرسیارە ..تد.

[٣٠] – بروانە: صالح حسين علي، الإنتخابات كأسلوب ديمقراطي لتداول السلطة،دار الكتب القانونية ، ٢٠١١ ، لا ١٥٥ .

[٣١] - بۆ زیاتر زانین دەربارەی خاڵە باش ونەنگیەكانی سیستێمی تێكەڵاو : بروانە : د.جورجي شفيق سارى ، النظام الانتخابي على ضوء قضاء المحكمة الدستورية العليا ، چ ٢ ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، ٢٠٠٥، لا.١١٦–١١٧.د.محمد فرغلي محمد علي ، نظام واجراءآت انتخاب أعضاء المجالس المحلية ،دار النهضة العربية ، ١٩٩٨ ، لا.١٣٦.

[٣٢] - بروانە : د.حميد حنون خالد ، الأنظمة السياسية ، چ ٢، مكتبة السنهوري، ٢٠١٥، لا.٧٦.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**هەرچی شێوازی دوەمە پشتدەبەستێ بەدابەشکردنی وڵات بۆ چەندین بازنەی هەڵبژاردن ،لەهەندێکیان نوێنەران بەشێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن ،وبەشێکی تریان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی زۆرینە، بەو جۆرەش دو جۆر نوێنەر و دوجۆر دەنگدەریش دروست دەبن.[٣٣]**

**ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم شێوازە تارادەیەکی زۆر تێکەڵاوی نابینرێ لەنێوان دوسیستێمەکە ، واتە هەریەکە لەسیستێمی ڕێژەیی وزۆرینە پشتپێبەستراون بۆ پڕکردنەوەی بەشێکی کورسیەکانی پەرلەمان، بەجۆرێك هەریەکەیشیان دەنگدەر و نوێنەر خۆی دەبێ.**

2- **سیستێمی تێکەڵاوی ئاڵۆز :** ئەم شێوازە تێکەڵکردنی دو سیستێمەکەیە لەگەڵ یەکتردا وزۆرتر نزیکایەتی لەگەڵ سیستێمی ڕێژەییدا هەیە وەك لە زۆرینە[٣٤]ودابەش دەکرێ بۆ نمونەی سەرەکی ،یەکەمیان نمونەی فەرەنسی ، ودوەمیان نمونەی ئەڵمانی :

أ- **نمونەی فەرەنسی** : بەگوێرەی یاسای ٩ی ئایاری ١٩٥١ یاسادانەری فەرەنسا ئەم شێوازەی پەیڕەو کرد[٣٥]وخۆی لەو دو چوارچێوەدا بینیەوە. یەکەمیان چوارچێوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کەتیایدا ڕێگە درا پارتە بەشداربوەکانی هەڵبژاردن لەبازنەیەکی هەڵبژاردن هەمویان یان بەشێکیان ڕێکبکەون لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتیەکدا ووەك یەك لیست مامەڵە بکرێن لەکاتی دابەشکردنی کورسیەکاندا لەوبازنەیەدا. ئەوەش هەلی لیستە هاوپەیمانیەکان زیاتر ئەکرد بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتر وەك لەو لیستانەی کە هاوپەیمانییان نەبەستوە،د واتر کورسیەکان بەگوێرەی هاوکێشەی کوڵکەی هەڵبژاردن وزۆرترین ماوە بەسەر لیستە براوەکان دابەشدەکرا .

**هەرچی چوارچێوەی دوەمە ئەوا سیستێمە فەرەنساییەکە زیاتر نزیك دەبویەوە لەسیستێمی ڕێژەیی، بەو پێیەی ڕێگەی خۆشدەکرد بۆ بردنەوەی هەر لیستێك بتوانێت زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە بەدەستبێنێ، ئەمەش وایدەکرد لیستەکان یەکبگرن بۆ گەیاندنی دەنگەکانیان بۆ ئەو ڕێژەیە . وئەگەر هەر لیستێك ئەو ڕێژەیەی لەزۆرینە بەدەستهێنا ئەوا براوەی تەواوی کورسیەکانی ئەو بازنەیە دەبێ. هەرچی دابەشکردنی کورسیەکانە بەسەر لیستەکانی ناو لیستە براوەکە ئەو کات لەسەر بنەمای کوڵکەی هەڵبژاردن یان زۆرترین ماوە دەبێ.[٣٦]**

ب- **نمونەی ئەڵمانی** : ئەمە ئەو نمونەیەیە کەسەرکەوتنێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوە ئەوەتا لەساڵی ١٩٤٩ وە تاوەکو ئێستا پەیڕەوی لیدەکرێ وبەباشترین شێوازی سیستێمی تێکەڵاوی هەڵبژاردن دادەنرێت.وسیستێمەکە بریتیە لە کۆکردنەوەی سیستێمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی و زۆرینەی سادە لەگەڵ سیستێمی هەڵبژاردنی بەلیست ونوێنەرایەتی ڕێژەیی.[٣٧]

---

[٣٣] - بڕوانە: د.عصام نعمة اسماعيل ، النظم الإنتخابية ، چ ٢، مكتبة زين الحقوقية والأدبية ،لبنان ، ٢٠١١، ل.٤٣٥ .

[٣٤] -بلال أمين زين الدين، النظم الانتخابية المعاصرة، دار القكر الجامعي ،٢٠١١ ، ل. ٩٨.

[٣٥] – ئامانجی سەرەکی یاسادانەری فەرەنسی لەدارشتنی ئەو یاسایە دورخستنەوەی بزوتنەوە توندڕەوەکان بو لەبردنەوە ، وزیاتر هەل ڕەخساندن بو بۆ بردنەوەی پارتە میانڕەو ناوەندگیرەکان . بۆ زیاتر بڕوانە : د.عصام نعمە اسماعیل ، سەرچاوەی پێشو ، ل.٤٣٦.

[٣٦] – بڕوانە : بلال امین زین الدین ، سەرچاوەی پێشو ، ل.١٠٢ – ١٠٣.

[٣٧] - بڕوانە : د.حمید حنون خالد ، الأنظمة السیاسیة ، سەرچاوەی پێشو ، ل.٧٦.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص١٦٥-١٨٨
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەجۆرێك نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی بوندیستاگ بەگوێرەی سیستێمی تاکەکەسی و لەسەر بنەمای زۆرینەی سادده براوەی کورسی نوێنەرایەتی دەبن ، ونیوەی دوەمی کورسی ئەنجومەنەکە لەسەر بنەمای سیستێمی هەڵبژاردنی بەلیست و نوێنەرایەتی ڕێژەیی پردەکرێتەوە.

و ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە هەمو پارتە سیاسیە بەشداربوەکانی هەڵبژاردن بەشدار نابن لەکێبڕکێی دیاریکردنی ئەو بەشەی ئەندامان کەلەسەر بنەمای لیستی حیزبی ونوێنەرایەتی ڕێژەییەوە دەبێت مەگەر دو مەرجیان تێدا بێ [38] ئەوانیش :

1- توانیبێتی بەربەستی ٥٪ دەنگی دروستی دەنگدەرانی تەواوی دەوڵەتە فیدراڵیەکە تێپەڕێنێ.
2- توانیبێتی لانی کەم براوەی ٣ کورسی ئەنجومەنەکە بێت لەسەر بنەمای سیستێمی زۆرینە لەئاستی وڵاتدا بەگشتی.

لەوەشەوە هەر پارتێکی سیاسی یەکێك لەو دومەرجەی تێدا نەبێ ئەوا بێبەش دەکرێ لەو کورسیانەی بەگوێرەی سیستێمی ڕێژەیی دابەش دەکرێت بەسەر پارتە سیاسیە براوەکانی هەڵبژاردندا.[39]

ئەم ڕێکخستن ومەرجکاریە بەڕای ئێمە کارێکی گونجاوە بۆ ڕێگریکردن لەپەرتەوازە بونی نوێنەرایەتی لەئەنجومەنەکە لەنێوان ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسیدا، چونکە براوە بونی ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی بەیەك کورسی یان دو کورسی لەئەنجومەنی بوندیستاگدا کاری پێکهێنانی حکومەتێکی تۆکمە وسەقامگیر قورس دەکا بەهۆی قورسبونی دروستکردنی زۆرینەیەکی بێوەی بۆ حوکمڕانیەکی جێگیر.

هەرچی پەیوەستە بە چۆنێتی هەڵبژاردنەکەوە ئەوا بۆ پڕکردنەوەی نیوەی کورسیەکان کەلەسەر بنەمای سیستێمی زۆرینەی ڕێژەیی پڕدەکرێنەوە بەقەدەر ئەو ژمارەیە بازنەی بچوکی هەڵبژاردن دروست دەکرێت ولەهەر بازنەیەکەوە یەك کورسی پەرلەمانی پڕ دەکرێتەوە واتە یەك کەس براوە دەبێ ، هەرچی پەیوەستە بەنیوەی دوەمی کورسیەکان ئەوا بازنەی هەڵبژاردنی گەورەتر دروست دەکرێت هەر بازنەیەك ژمارەیەك بازنەی بچوك لەخۆدەگرێ، ولەبازنە گەورەکەوە ژمارەیەك ئەندامی ئەنجومەنەکە لەسەر بنەمای لیستی حیزبەکان هەڵدەبژێردرێن بەگوێرەی سیستێمی ڕێژەیی.

ودەنگدەر لەیەکبازنەی هەڵبژاردندا دوجار دەنگ دەدات ، دەنگێك بۆ هەڵبژاردنی تاکەکەسی ودەنگێك بۆ هەڵبژاردنی لیستی پارتە سیاسیەکان. واتە هەر دەنگدەرێك لەبازنەی هەڵبژاردنەکەی دو کارتی دەنگدانی پێدەدەرێ، کارتێك بۆ هەڵبژاردنی کەسێك وکارتی دوەم بۆ هەڵبژاردنی لیستێك. بەو پێیەش دو جۆر دەنگدەر و دو جۆر نوێنەر بونیان دەبێ :[40]

لێرەوە سیستێمی ئەڵمانی بۆ شێوازی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دابەشکردنی کورسیەکانی بەگونجاو دەزانین پشتی پێببەسترێت، واتە دابەشکردنی کورسیە گشتیەکانی پەرلەمان بۆ دوبەشی یەکسان ، بەشی یەکەم(٥٠) کورسی لەڕێگەی هەڵبژاردنی تاکەکەسی و زۆرینەی سادده پڕبکرێتەوە وبەشی دوەم(٥٠ کورسی) لەڕێگەی هەڵبژاردنی لیست و ڕێژەیی پڕبکرێتەوە [41] بۆ ئەو مەبەستەش هەرێم دابەشبکرێت بۆ ٥٠ بازنەی هەڵبژاردنی یەکسانەوە بۆ هەڵبژاردنی پەنجا نوێنەر بەسیستێمی زۆرینە ، وهەر

[38] - بڕوانە : د.ربیع أنور فتح الباب متولی، سەرچاوەی پێشو ، لا.٣٤٥.
[39] - بڕوانە : بلال امین زین الدین ، سەرچاوەی پێشو ، لا.٩٨– ٩٩.
[40] - بڕوانە: د.چورچی شفیق ساری ، سەرچاوەی پێشو، لا.١٠٩– ١١٠ ، و د.عصام نعمة اسماعیل ، سەرچاوەی پێشو، لا.٤٤٠ .
[41] – ئەمە لەکاتێکدایە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان لەئێستادا ١١١ کورسیە ، لەوانە ١٠٠ کورسی گشتیە ، ١١کورسی هی کەمینە وپێکهاتەکانە .کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە نین لێرەدا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پارێزگایەکیش بکرێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی لیستی حیزبەکان ، دواتر دەستنیشانکردنی براوەکانی ئەو کورسیانە بەپێی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی . ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :**

1- **یەکێك لەخاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم سیستێمە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەنگدەر لە نوێنەر زیاتر نزیك دەکاتەوە لانی کەم نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵئەبژێردرێن بەبێ ئەوەی ناچار بکرێن بەتەنها پشت بەلیستی پارتە سیاسیەکان ببەستن .**
2- **ئەو خاڵەی یەکەم بەو واتایە نیە ڕۆڵ وپێگەی لیست وپارتە سیاسیەکان لێرەدا نادیدە بگیرێ بەڵکو نیوەی ژمارەی کورسیەگشتیەکان لەڕێگەی هەڵبژاردنی لیستی پارتە سیاسیەکانەوە پڕ دەکرێتەوە ، بەو جۆرەش ئەم سیستێمە لایەنە باشەکانی هەردو سیستێمی هەڵبژاردنی زۆرینە و نوێنەرایەتی ڕێژەیی کۆدەکاتەوە.**
3- **ئەم سیستێمە ڕێگە دەگرێ لەوەی پارتە سیاسیە بچوکەکان هەلی چونە ناو پەرلەمانیان زیاتر ببێ ، وپارتە سیاسیە بچوکەکان ناچار دەکا لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی هەڵبژاردن کۆببنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانیی، ئەوەش بێگومان دەبێتە مایەی ئەوەی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان تا ڕادەیەکی زۆر دور بێ لەپەرتەوازەبون و دابەشکاری زۆر بەجۆرێك حکومەتێکی جێگیر و ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز قورس و مەحاڵ بکات.[42]**
4- **ڕێگە خۆشدەکات کەسانی شارەزا و بەئەزمون بتوانن لەڕێگەی هەڵبژاردنی تاکەکەسیەوە بگەنەوە پێگەی نوێنەرایەتیکردن، وهەر خودی پارتە سیاسیەکان کار لەسەر بردنە پێشەوەی ئەو کەسانە دەکەن .بەو پێیەش پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر ئەندامی شارەزا وپسپۆری تێدا دەبێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە پەرلەمانیەکان.**

## کۆتایی

**لەهەمو ئەوانەی لەپێشدا باسکران دەگەینە چەند دەرەنجامێك ، ودواتر چەند ڕاسپاردەیەك پێشکەش دەکەین لەبارەیانەوە :**

**یەکەم : دەرەنجامەکان :**

1- **سیستێمی زۆرینەی هەڵبژاردن کۆمەڵێك خاڵی باشی هەیە ، لەوانە سیستێمێکی سادەو ڕونە وڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی پەرلەمانی پتەو وبەهێز دروستببێ، لەوەشەوە حکومەتێکی گونجاو وتەبا بێتە کایەوە بەجورێك سیستێمی حوکمڕانی زیاتر جێگیر و سەقامگیر بکات .**
2- **وئەم سیستێمە بێبەش نیە لەخاڵی نەرێنی دیارترینیان ئەوەیە ئەم سیستێمە دەبێتە هۆی یەکڕەنگی پەرلەمانەکان و بێهێزکردنی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن و زوڵمکردن لەکەمینەکان تا ئەندازەی ناشرینکردنی سیستێمی نوێنەرایەتی لەوڵاتدا.**
3- **سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی سیستێمێکی هەڵبژاردنە خزمەت بەبەرجەستەکردنی ڕای گشتی دەکات ،هەروەك خزمەتێکی زیاتر بە پارتە سیاسیە نوێیەکانیش دەکات ئەوانەی کەتازە دادەمەزرێن و بەشدار دەبن لەهەڵبژاردنەکان، چونکە بەگوێرەی دەنگە بەدەستهاتوەکانیان براوەی کورسی پەرلەمانی دەبن. جیاواز لەسیستێمی زۆرینە کەهەلی ئەو جۆرە پارتانە کەمتر دەکاتەوە .چونکە ڕکابەری کردنیان لەگەڵ پارتە گەورە ترادسیۆنەکان کارێکی ئاسان نابێت.**

---

[42] – ئەوەش لەخزمەتی پرۆسەی چالاکردنی ژیانی پەرلەمانی خۆی دەبینێتەوە، چونکە زۆربەی ئەو پارتە بچوکانەی لەخولەکانی هەڵبژاردندا بەتایبەت خولەکانی یەکەم ودوەمدا براوەی کورسی بون پارتگەلێك بون ئاستی جەماوەریان لاواز بو وزیاتر وابەستەی پارتە گەورە و باڵادەستەکان بون . بۆ زیاتر بڕوانە : **محمد صابر** کریم ، التعددية السياسية وأثرها على السلطة التشريعية في اقليم كوردستان/العراق ، أكاديمیه التوعیه وتأهیل الكوادر ، سلێمانی ، ٢٠١٢، لا.٢٦٤ .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7

4- دیارترین خاڵی نێگەتیڤی سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بریتیە لەوەی ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ ئەو پارتانەشی کەهەڵگری بیرو بۆچونی توندرەون ونمونەیەکی خراپی دژ بەمرۆڤایەتیشیان پێشکەش کردوە .

5- دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان بەپێی سیستێمی زۆرینەی هەڵبژاردن کارێکی ئەوەندە قورس نیە وپێویستی بەهاوکێشەگەلێکی ماتماتیکی ئاڵۆز نیە ،چونکە براوەی کورسی یان کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە ئەو کەسە یان ئەو لایەنە دەبێ کەزۆرترین دەنگی هێناوە .هەرچی کەس ولیستەکانی ترە هیچ کورسیەك بەدەستناهێنن.

6- جیاواز لەو خاڵەی پێشو لەسیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە وپێویستی هاوکێشەی ماتماتیکی دەبێت بۆ وەرگێرانی دەنگ بۆ کورسی پەرلەمانی، چونکە هەر لیستێکی بەشدار لەهەڵبژاردندا بەگوێرەی ڕێژەی دەنگەکانی کورسی بەدەستدەهێنن.

7- ئەو هاوکێشانە بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەن زۆرترین نزیکایەتی لەنێوان ڕێژەیی دەنگەکان وژمارەی کورسیە بەدەستهاتوەکان هەبێ، وبۆ ئەو مەبەستە دو جۆر هاوکێشە هەن ، هاوکێشەیەك ناودەبرێ بەکۆڵکەی هەڵبژاردن وهاوکێشەی دوەم ناودەبرێ بە ڕێسای کۆڵکەکان.وهەر جۆرێك لەوانەش چەندین هاوکێشە لەخۆدەگرێ.

8- ڕێسای کۆڵکەی هەڵبژاردن لەپرکردنەوەی کورسیەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنە خۆجێیەکانیش پەیرەو دەکرێت.هەرچی عێراقە ئەوا سیستێمی دابەشکردنەکە بەپێی ڕێسای کۆلکەکان دەبێ بەتایبەت شێوازی (سانتلیگۆ کۆپی عێراقی) ولەئێستادا لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران وئەنجومەنی پارێزگاکانیش پەیرەوی لێدەکرێت.

9- هەمواركردنی هاوکێشەی سانتلیگو لەعێراقدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەسانتلیگۆی ڕەسەن زیاتر لەخزمەتی پارتە بچوکەکاندایە ، بۆیە وادەکا ئەنجومەنی نوێنەران فرە حیزب ودید وتێروانین بێ وخزمەت بە دروستکردنی حکومەتێکی سەقامگیر وبەهێز نەکات.

10- سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەهەرێمی کوردستاندا وایکردوە ژمارەی پارتە سیاسیە بەشداربوەکانی هەڵبژاردن زۆرتر بن و ژمارەی لیستە سیاسیەکانی ناو پەرلەمان هەڵکشێن، بەجۆرێك کاری پێکهێنانی کابینەی وەزاری ئەستەم کردوە .چونکە ڕێگرە تارادەیەکی زۆر لەدروستکردنی زۆرینەیەکی گونجاو بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت.

## دوەم : پێشنیاز و ڕاسپاردە :

1- پێشنیاز دەکەین ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەڕێگەی هەمواركردنی هەردو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران وهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا وقەزاکان دوبارە کارکردنەوە بەپێی ڕێسای کۆڵکەی هەڵبژاردن جێگیر بکات، چونکە سیستێمێکی کەمتر ئاڵۆزە و زیاتر لەخزمەت یەکسانیکردنی نێوان ئەندامانی پەرلەمانە لەڕوی ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە ، ئەو یەکسانیەی بشتبەستن بەڕێسای سانتلیگۆ ناتوانێت بەرجەستەی بکات.

2- پێشنیاز دەکەین یاسادانەر لەهەرێمی کوردستاندا یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکات ، کەتێیدا هەمواری سیستێمی هەڵبژاردن لەڕوی دابەشکردنی کورسیەکانەوە بکات لەسیستێمی ڕێژەییەوە بۆ سیستێمی تێکەڵاو ئەوەش لەبەر ئەو هۆکارانە ، وبەپێی ئەو ڕێکارانەی لەپاری سێیەمی بەشی دوەمی باسەکەماندا هاتوە

## سەرچاوەکان

**یەکەم : کتێب :**

1- بلال أمين زين الدين، النظم الانتخابيه المعاصره، دار الفكر الجامعي ،٢٠١١.
2- د. حميد حنون خالد ، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق ، مكتبه السنهوري ،بيروت ، ٢٠١٥ .
3- د. سيد أبوالفضل قاضي " شريعت پناهي " ، حقوق أساسي ونهادهاي سياسي ، چ (١٣) ، نشر ميزان ، دانشگاه تهران ، ١٣٩٣.
4- د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا ، النظم السياسيه والقانون الدستوري ، ط(بلا)، منشأه المعارف بالاسكندريه، ٢٠١٦.
5- د.حسن مصطفى بحري ، الإنتخاب كوسيله لاسناد السلطه في النظم الديمقراطيه ، چ٢ ، ٢٠١٦ .
6- د.حميد حنون خالد ، الانظمه السياسيه ، چ ٢، مكتبه السنهوري، ٢٠١٥.
7- د.ربيع أنور فتح الباب متولي ، الانظمه السياسيه ، چ١، منشورات الحلبي الحقوقيه ، لبنان ، ٢٠١٣، لا.٣٤٠.
8- د.جورجي شفيق ساري ، النظام الانتخابي على ضوء قضاء المحكمه الدستوريه العليا ، چ ٢ ، دار نەهزەی عەرەبی ، القاهره ، ٢٠٠٥.
9- د.عبدالغني بسيوني عبدالله ، أنظمه الإنتخابات في مصر والعالم ، منشأه المعارف بالاسكندريه ، ١٩٩٠ .
10-د.عصام نعمه اسماعيل ، النظم الإنتخابيه ، ط (٢) ، منشورات زين الحقوقيه ، ٢٠١١.
11-د.علي هادي حميدي الشكراوي ، إصلاح الطريقه الحسابيه في نظم انتخاب مجلس النواب العراقي، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لەگۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان–سلێمانی ، بەرگی ١ ، ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٧.
12-د.محمد فرغلي محمد علي ، نظام واجراوئات انتخاب أعضاء المجالس المحليه ،دار النهضه العربيه ، ١٩٩٨ .
13-د.منذر الشاوي ،فلسفه الدوله ،ط ١ ، دار الذاكره للنشر والتوزيع ، دار ورد للنشر والتوزيع ، الاردن ، ٢٠١٢.
14- صالح حسين علي ، الانتخابات كأسلوب ديمقراطي لتداول السلطه،دار الكتب القانونيه، ٢٠١١.
15- محمد صابر كريم ، التعدديه السياسيه وأثرها على السلطه التشريعيه في اقليم كوردستان/العراق ، أكاديميه التوعيه وتأهيل الكوادر ، سلێمانی ، ٢٠١٢ .

**دوەم : سەرچاوەی ئەلیکترۆنی :**

1- پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان www.kurdistan-parlament.org سەردانیکردن ٢٠١٨/١/٢٥.
2- د.وليد طاصد الزيدي ، البديل عن صيغه سانت ليغو، ڕۆژنامەی (الزمان) ژ.٢٢٨ لەمێژوی ١ / جولای/٢٠١٣ . بڵاوکراوە لەسەر پێگەی ئینترنێتی WWW.AZZAMAN.COM مێژوی سەردانیکردن ٢٠١٧/١٢/٢٧.
3- د.عمار طارق عبدالعزيز ، ئاليات توزيع المقاعد في الانتخابات ، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری زانستی (نهرين) ، وبەردەستە لەپێگەی ئەلیکترۆنی www.jasj.net ژمارە ، ساڵی . مێژوی سەردانیکردن ٢٠١٧/١٢/٢٧ .

**سێیەم: یاساکان :**

1- یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥
٢- یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی( ١٩٩٢) هەموارکراو
3- یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٤٥ لەساڵی ٢٠١٣ هەموارکراو.
4- یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە ٤٥ بۆ ساڵی ٢٠١٣.
5- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کورستان– عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.7